# کارنامەی ژیانی دیکتاتۆرەکان و بەراوردێکی نێوانیان
# ( مۆسۆلینی، هیتلەر، سەدام حسێن، مستەفا کەمال ) وەك نموونە

د.سوزان کەریم مستەفا
زانکۆی سلێمانی
سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی مێژوو

## پێشەکی

لە پشت هەموو دیکتاتۆرێکەوە کۆمەڵێك نهێنی خۆی حەشار داوە، لەپشت هەریەك لەو دیکتاتۆرانەوە گەنجینەیەکی شاراوە هەیە، کۆمەڵێك رووداوی ناخۆش‌و گاڵتە ئامێز هەن، لە پشت ئەمانەوە رابردوویەکی سەیرو پڕ لە ئازار بەدی ئەکەین، وەك شارەزایانیش ئاماژەیان پێداوە ئەم رابردووە پڕ لەئازارە کاریگەری خراپی لەسەر ژیان‌و کرداریان دروستکردووەو رێڕەوی ژیانیانی لە منداڵێکی ئاسایی‌و کەسایەتیەکی ئاساییەوە گۆڕیوە بۆ دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژو چەوسێنەر، هەر ئەم رابردووە بۆتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵێك گرێی دەروونی، کە بۆ ڤوتاربونیان لەم بارە دەرونیە بە کۆمەڵێك کاری نامرۆڤانە خۆیان خاڵی کردۆتەوە، ئەویش خۆی لە بەسوك تەماشاکردنی خەڵکی ترو ئازاردانی کەسانی تردا دەبینێتەوە، هەستکردن بە کەمی وای لێکردون چاوچنۆکانە بڕواننە دەوروبەرو هەمیشە بەدوای دەستکەوت‌و پلەو پایەو ناوی بەرزدا بگەڕێن، چونکە قۆناغەکانی ژیانیان شێوە ئاساییەکەی خۆی تێنەپەڕاندووە، بێبەشبوون لەژیانی منداڵی، نەبوونی‌و دەربەدەری‌و بەکارهێنانی توندو تیژی، هەموو ئەمانە بونەتە هۆی دروستبوونی پڕمەترسیترین دیکتاتۆرەکانی سەردەم کە مێژوو هەتاهەتایە لەیادیان ناکات.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی خودی بابەتەکە، کەتا ئێستا هەندێك ووردەکاری ژیانی ئەم کەسایەتیانە لای بەشێکی زۆری خەڵکی نەزانراوەو هۆکارەکانی پشت دروستبوونی دیکتاتۆر تاڕادەیەك بەشاراوەیی ماوەتەوە، بۆیە ئەمە هەوڵێکە بۆ ناساندنی کۆمەڵێك خاڵی گرنگ‌و لەهەمان کاتدا ناڕوون لەدیدی خەڵکیەوە.

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا دووچاری هەندێك گرفت بووین لەوانە دەستنەکەوتنی سەرچاوە بە زمانی بیانی کە لە رووی زانستیەوە بە کەم‌و کورتیەکی گەورەی دەزانین.

میتۆدی نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیە میتۆدێکی مێژوویی شیکاری بەراوردکاریە، کە هەوڵ دراوە سود لەهەموو ئەم میتۆدانە وەربگرین لە پێناو دەوڵەمەند کردنی بابەتەکەدا.

ئەو سەرچاوانەی پشتی پێبەستراوە کۆمەڵێك سەرچاوەی گرنگن‌و بەشێکیان بریتین لە یاداشت‌و ووتەی ئەم کەسایەتیە خۆیان، وەك(مزكرات موسوليني، خەباتی من، خواگر الزعيم).

بەشێوەیەکی گشتی ناوەرۆکی بابەتەکە دەروازەیەك‌و دوو تەوەر لە خۆ دەگرن.

**تەوەری یەکەم:**دیکتاتۆریەت لە رووی چەمكو زاراوەوە، لەم تەوەرەدا هەوڵدراوە پێناسەو شێوازەکانی دیکتاتۆریەت روون بکرێتەوە.

**تەوەرەی دووەم :**بەراوردی نێوان دیکتاتۆرەکان، لەم تەوەرەدا هەوڵدراوە باس لە هەندێك ووردەکاریەکانی ژیانی تایبەتی ئەو کەسایەتیانە بکرێتو خاڵە لێکچوو جیاوازیەکانی ژیانیان بخرێتە روو.

## تەوەرەی یەکەم

## دیکتاتۆریەت لە رووی چەمكو زاراوەوە

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە سیاسی نابەرپرسیارو مرۆڤی ستەمکارو ئەو دیکتاتۆرانەی دەسەڵات وەك موڵکی تایبەتی خۆیان تەماشا دەکەن، پڕە لە کەسانێك نایانەوێت هیچ سنورو هێزو رێگرێك لەبەردەم ویستو ئارەزوو حەزەکانی دەسەڵاتیاندا هەبێت، دیکتاتۆرەکان پیاوانی نێو ناوەندێکی سیاسین کە پڕە لە سیاسی گەندەڵ، خاڵی لە هەموو ئامرازێکی لێپرسینەوەی یاسایىو ئەخلاقی.[(١)] زاراوەی دیکتاتۆریەت لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی لاتینیەو کارێکی دەستوریە ئەو کەسەی لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرا بۆ ماوەیەکی کاتی پیادەی دەکرد، بۆ پارێزگاریکردن لە دەوڵەت بەناوی سەلامەتی گشتیەوە، کەواتە دیکتاتۆریەت لە بنەڕەتدا دەلالەتە لە حاڵەتێکی سیاسی دیاریکراو کە سەرجەم دەسەڵاتەکان لە دەستی یەك کەسدا کۆدەبوەو بەپێی خواستی خۆی پیادەی دەکرد، دیکتاتۆریەتیش لە مێژووی سەرهەڵدانی مرۆڤایەتیەوەو لە زۆربەی قۆناغەکاندا بوونی هەبووە.[(٢)] ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا مەبەست لەو رژێمە سیاسیەیە کە تەنها کەسێك یان کۆمەڵێك دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرنو بەشێوەیەکی رەهایىو بەبێ پرسو رازیبوونی گەل دەسەڵات بەڕێوە دەبەن.[(٣)] ووشەی دیکتاتۆریش لەسەرچاوەی لاتینی (Dictator)ەوە وەرگیراوە، کەلە رۆمی کۆندا بە کاربەدەستێکی پایەبەرز دەگوترا کە بەهێزو شکۆیەکی زۆرو لە رادەبەدەرەوە کۆنترۆڵی کاروبارەکانیووڵاتی بەدەستەوە گرتبوو، لە فەرهەنگی سیاسی ئەمڕۆشدا دیکتاتۆری بەو رژێمانە دەوترێت کە تاکەکەس یان حزبێك بەر بە ململانێی گروپەکانی تر دەگرێو بەڕێوەبردنی هێزە گشتیەکانی ووڵات بەبێ رکابەر لەبەردەست تاکەکەس یان رێکخراوێکی خۆیدا کەڵەکە دەکات. [(٤)]

لە سەردەمی کۆندا کاری دیکتاتۆر شێوەیەك بوو لە شێوەکانی پیادەکردنی دەسەڵات، یەکەم دیکتاتۆر لە رۆما لە ساڵی(٥٠١پ.ز) هەڵبژێردرا کە گەل (ماکسیمۆس)یان وەك دیکتاتۆر لەسەروبەندی جەنگی (هنیبگل) وەك حاکمی شەرعی هەڵبژارد، بۆیە دیکتاتۆر تەنها نوێنەری حوکم بوو لە ماوەیەکی تایبەتدا، کە تیایدا دەسەڵات بەدەستی تاکێك یاخود کۆمەڵەیەکەوە دەبوو بە ئامانجی رووبەڕووبونەوەی مەترسیەکی گەورە.[(٥)] هەروەك ئاماژەمان

---

(١)مەریوان وریا قانیع : سیاسەتو دونیا، ماناو بێمانایی سیاسەت لە کوردستاندا، سلێمانی،2012 ، ل.199

(٢) عبدالوهاب الكيالي(الدكتور): موسوعة السياسة، الجزء الثاني، ط٣، بيروت ، ١٩٩٧، ص٦٨٤– ٦٨٥.

(٣)یاسین صابر ساڵح :ئینسایکلۆپیدیای گشتی، سلێمانی،2005 ، ل490.

(٤)زاهیر محەمەدی ، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٣٥.

(٥)عبدالحميد الأنصار(الدكتور): من يصنع الديكتاتور، الجريدة الكويتية،

بۆکرد یەکەمین دیکتاتۆریەت لە مێژوودا لەهەندێك لە شارەکانی یۆنانیدا دەرکەوتو لەسەردەمی نوێشدا لەو سەردەمانەی کە رژێمی دەرەبەگی کۆن رۆڵی داگیرکاری گێڕا دەرکەوت، لە ئیتالیا لە سەردەمی بوژانەوە(رێنیسانس)دا دەرکەوتو لە فەرەنساش بەشێوەی پاشایەتی رەها، یەکەم دیکتاتۆر کە هەوڵیدا دیکتاتۆری بکاتە رژێمێکی دەستوری (کرومویل ١٥٩٩- ١٦٥٨)* بوو، ئەویش بە دامەزراندنی کۆمارێك کە دەگەڕایەوە بۆ کۆمەڵێکی رێکخراو. لە گرنگترین دیکتاتۆریەکانی سەدەی بیستەم رژێمی (فرنکۆ لە ئیسپانیا و سالازار لە پرتوگال و فەرمانڕەوایی سەربازی لە یۆنانو لە زۆربەی دەوڵەتەکانی ئەمریکای لاتینیو بەرازیلو شیلیو زۆرێك لە وولاتانی جیهانی سێهەمو زۆربەی ئەم دیکتاتۆرانە لە رێگەی کودەتای سەربازی خوێناویەوە لەلایەن کۆمەڵێك ئەفسەرەوە دەسەلاتیان وەرگرتووە، دواتر بەدەسەلاتی یەك ئەفسەر کۆتایی هاتووە.(١)

ئەگەرچی دیکتاتۆریەت وەك رژێم لە کۆتایی سەدەی چوارەمدا سەریهەڵدا، کاتێك کە دیکتاتۆریەتیان وەك چارەسەرێك بۆ کێشە مەدەنیەکانیان بەکاردەهێنا، بەلام بەبێ ئەوەی پێویستیان بە سەربازو جەنگاوەر هەبێت، ئەنجومەنی کونسوڵ بۆ چارەسەری قەیرانو کێشەکان هەڵیان دەبژارد، بەلام لە راستیدا هەریەك لەوانە دیکتاتۆر بوون، هیچ رژێمێك یاخود دامەزراوەیەکی دیکتاتۆری لە ئارادا نەبوو، بەڵکو کارێکی دیاریکراو بوو بۆ ماوەیەکی کاتی دیاریکراو، دەسەلاتی دیکتاتۆریش بە کۆتایی هاتن یاخود چارەسەرکردنی کێشەکە کۆتایی دەهات، دیکتاتۆر بۆی نەبوو دەستور هەڵوەشێنێتەوە، لە باشترین کاتەکانیدا دەیتوانی کارەکانی هەندێك لە دامەزراوەکان هەڵپەسێرێت بۆ ماوەیەکی کاتی دیاریکراو، دیکتاتۆر بۆ ماوەی نیو ساڵ دەبووە سەرکردەی سوپا، دوای ئەو ماوەیە سەرکردایەتیەکەی تەواو دەبوو، واتا دیکتاتۆریەتی رۆمانی لە حوکم کردنیدا پشتی بە بنەمای دەستوری دەبەست، دوای ئەو ماوەیە حوکمڕانیەکەی کۆتایی دەهات، تەنانەت ئەگەر کارە داواکراوەکەی تەواویش نەبوایە، دیاریکردنی ماوەی دیاریکراو یارمەتیدەر بوو لە هاتنەکایەی رژێمی دیموکراتیو بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لەلایەن ئەنجومەنی گەلەوە بۆ سەندنەوەی مافی دیکتاتۆریو رێگەنەدان بە حوکمڕانی رەها، بەلام دواتر ئەم جۆرە لە حوکمڕانیە بوونی نەما.(٢) رژێمی دیکتاتۆری بە درێژایی مێژوو چەند شێوازێکی بەخۆوە گرتووە، لەوانە دیکتاتۆری ئایدیۆلۆژی یاخود سەربازی، هەندێك لەوانە پشت بە یەك پارت دەبەستن، بەلام هەندێکی تریان ئاڕاستەیەکی پارێزگارانەی دواکەوتووو هەندێکی تریان ئاڕاستەیەکی پێشکەوتووی شۆڕشگێڕانەیان هەیە، هەندێك جاریش دەسەلاتی دیکتاتۆری تاك یاخود دامەزراوەیەك پیادەی دەکات، تەنها ئەو سیما سەرەکیەی کە جیایاندەکاتەوە نێوەرۆکە چەوسێنەرەکەیەتی.(٣) گرنگترین شێوازەکانی ئەمانەن:-

alitthad.com/paper.php?name=News&file=article&sid=74150

* ئۆلیڤەر کرومویل، سوپا سالارێکی هەڵکەوتووی ئینگلیز بوو، کە سوپای بەرەو سەرکەوتن بردو دامەزرێنەری رژێمی پەرلەمانیو دیموکراسی بوو لە ئینگلتەرا( یاسین صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤٤).

(١)عبدالوهاب الکیالي(الدکتور): موسوعة السیاسة، الجزء الثاني، ص685.

(٢) فاضل الخطیب: الدیکتاتور و الدیکتاتوریة قدیما و حدیثا،

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=95090

(٣)سامي هابیل: بحوث في الدیکتاتوریّة

http://www.arab-ency.com/index.php?module=pnEncyclopedia&func=display_term&id=9307&m=1

رقم صفحه البحث ضمن المجلد:٣٠٥

شێوازی یەکەم: ئەو دیکاتۆریەتانەی کە خاوەن ناوەرۆکێکی ئایدیۆلۆژین، ئەو دیکتاتۆریەتانەن کە پشت بە بنەمای مەزهەبی فکریو سیاسی دەبەستنو پێیان وایە کە ئازادی تاك لە ئازادی کۆمەڵگە جیانابێتەوە، کۆمەڵگەش یەك جەستەیە نەك تەنها ژمارەیەك تاك، تاك هیچ مافێکی نیە، تەنها ئەوە نەبێت کە یەکێکە لە رێکخستنە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگەدا، ئەم مەزهەبە بیری گەورەییو پاڵەوانێتی لای دیکتاتۆر گەورە دەکات بۆ ئەوەی ببێتە سەرکردەو رابەڕی نەتەوە.

شێوازی دووەم: ئەو دیکتاتۆریەتەی کە پشت بە بنەمای ئایدۆلۆژی نابەستێ، بە دیکتاتۆری ئەمری واقیع وەسف دەکرێ، واتا ئەوەی کە حاکمەکەی بە زەبری هێز خۆی دەسەپێنێت، پشت بە باکگراوندێکی هزری یاخود فەلسەفی لە سیاسەتیدا نابەستێ، بەڵکو لە چوارچێوەی قەیرانێکی سیاسی یاخود کۆمەڵایەتی دێتە سەر حوکمو دەبێتە هۆی لاوازکردنی دەسەڵات.

شێوازی سێهەم: دیکتاتۆریە نەتەوەییەکان(چاکسازی شۆڕشگێڕی): دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، جیهان ململانێیەکی نەتەوەیی بەخۆوە بینی کە بووەهۆی سەرهەڵدانی کودەتای سەربازی لە چەندین دەوڵەتدا، بەتایبەتی لە ئەوروپا، هەروەك چۆن خەبات دژی داگیرکەرو چالاکی بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی سەرهەیهەڵداو بووە هۆی دەرکەوتنی رژێمێکی خاوەن ئاراستەی رزگاری نیشتمانی بەڵام شێوازێکی دیکتاتۆرانەی وەرگرت.[١]

مێژووی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە ئەو ئیمپراتۆریەتە دووچاری قەیرانێك ببوایە، دیکتاتۆرێکیان بۆ ماوەی حەوت ساڵ دادەناو لەو ماوەیەدا دەسەڵاتی رەهای پیادە دەکرد، تا قەیرانەکە نەدەما، کاتێك قەیرانەکە کۆتایی دەهات دیکتاتۆر شوێنەکەی خۆی بەجێدەهێشتو یاساو رژێمی ئاسایی شوێنی خۆی دەگرتەوە.[٢] بەڵام لەسەردەمی ئێستادا شێوازی دەسەڵات وەرگرتنی رژێمە دیکتاتۆریەکان بەزۆری لە رێگەی نایاسایی وەك کودەتای سەربازی جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن، هەرچەندە هەندێ رژێمی دیکتاتۆریش هەن کە لە رێگەی یاسایی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرنو پاش سەقامگیربوونی حکومەتەکەیان ئامادەنین بەهەمان شێوە واز لەدەسەڵات بهێنن.

مەرج نیە رژێمی دیکتاتۆری حکومەتی رەهای تاکە کەسێك بێتو رەنگە حیزبێك یا گرووپێکی سەربازی بە شێوەی کۆمەڵ ئەم جۆرە حکومەتە بەڕێوە ببەن. بۆیە مەرج نیە سیستمێکی دیکتاتۆری تەنها لەیەك کەسایەتیدا بەرجەستە بێت، تەنها دیکتاتۆرێك شوناسی سیستەمەکە دەستنیشان ناکات، بەڵکو دیکتاتۆریەت دەکرێت دیکتاتۆریەتێکی بەکۆمەك بێت، دیکتاتۆریەتی گروپێك یان نوخبەیەکی سیاسی بێت، کەوەك گروهێکی داخراو لەناو خۆیانداو بەنهێنی بڕیار بدەن. لەبەر ئەوە دەکرێت بەبێ بوونی دیکتاتۆرێك، دیکتاتۆریەت بوونی هەبێت، واتە سیستمێکی سیاسی دیکتاتۆریانە هەبێت، بەڵام دیکتاتۆرێك سیستمەکە

---

(١)سامي هابيل: بحوث في الديكتاتوريّة
http://www.arab- php?module=pnEncyclopedia&func=display_term&id=9307&m=1
ency.com/index.
رقم صفحه البحث ضمن المجلد:٣٠٥
(٢)یاسین صابر سالح :سەرچاوەی پێشوو، ل490.

بەڕێوە نەبات.[1] هاتنە سەركاری رژێمی دیكتاتۆری لە رێگەی كودێتا یان شۆڕشەوە، بەكورتی بە شێوازێك دەبێ كە لەگەڵ یاسا سەرەكیەكانی رژێمی پێشوودا یەك ناگرێتەوە، بەڵام هەر كاتێك رژێمی دیكتاتۆری وەك رژێمێكی نوێ سەقامگیر بوو، هەوڵ دەدا خۆی بە نوێگەی ئیرادەو ویستی خەڵك بنوێنێو لە شەڕی نێوان لایەنگرانی رژێمی پێشوو لایەنگرانی حكومەتی نوێدا تاقمی یەكەم رژێمی نوێ بەنایاسایىو زەوتكەر دەناسێننو دەڵێن كە حكومەتی نوێ بە پەنابردنەبەر هێزو دەسەڵاتی نایاسایی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە، لەبەرامبەر ئەم هێرشانەشدا لایەنگرانی رژێمی نوێ هەوڵ دەدەن دەسەلات بۆ خۆیان بەڕەواو یاسایىو سەرچاوە گرتوو لە ویستو ئیرادەی خەڵك لەقەڵەم بدەن.[2]

رژێمە دیكتاتۆریەكان لە بنەڕەتدا بەسەر سێ جۆردا دابەش دەبن وەك ( كۆنەپەرست، شۆڕشگێڕو تێكەڵاو)، دیكتاتۆری كۆنەپەرست هەوڵدەدا پێش بە گۆڕانی پێكهاتە كۆمەڵایەتیە كۆنەكان بگرێ، بەڵام بە پێچەوانەوە دیكتاتۆریی شۆڕشگێڕ خێرایی بە گۆڕانی دامەزراوەكانو پێكهاتە كۆمەڵایەتیەكان دەبەخشێ، هەرچەندە ئەم لێك جیاكردنەوە هەموو كات كارێكی ئاسان نییە، چونكە زۆربەی رژێمە دیكتاتۆرەكان بەكردەوە خۆیان بە شۆڕشگێڕ دەناسێننو دەڵێن لە كۆمەڵگەی كاولی كۆندا كۆمەڵگەیەكی نوێ دادەمەزرێنن، بەڵام زۆرجار كردەوەی كۆنەپەرستانەیان هەیەو بەشێك لە چالاكییەكانیشیان شۆڕشگێڕانەو لە پێناوی گۆڕینی كۆمەڵگەدایە، لەدەرەنجامدا دەبێ ئەم پۆلێن كردنە سێ كوچكەییە پەسەند بكەینو دیكتاتۆری تێكەڵاو بە هەڵبژاردەی سێهەم دابنێین.[3] چونكە هەمیشە بوونی دەسەڵاتێكی ستەمكار یاخود دیكتاتۆر هۆكارێكە بۆ شۆڕشو ئەو دیكتاتۆرانەش كە شۆڕش زەمینەی دروستبونیان بۆ خۆشدەكات لە بەشێكی مەزنی مێژووی شۆڕشو راپەڕینەكانی گەلانی جیهاندا راستیەكی چەسپاوە، باشترین نموونەش شۆڕشی فەرەنسایە (1789)، كە پاش ماوەیەكی كەم زەمینەیەك هاتە ئاراوە، تێیدا دەسەڵاتەكان كەوتە دەست تاكرەوێكی وەك رۆبسبێرو لەوێشەوە بۆ ناپلیۆنی دیكتاتۆر، هەروەها شۆڕشی رووسی (1917)، كە تێیدا دەسەڵات لە تاكڕەوێكی وەك لینینەوە* (١٩١٧- ١٩٢٤) كەوتە دەست دیكتاتۆرێكی وەك ستالین*(١٩٢٤- ١٩٥٣).[4]

---

(١)مەریوان وریا قانیع :سەرچاوەی پێشوو، ل199.

(٢) زاهیر محەمەدی ، یاسین حاجی زادە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧.

(٣)زاهیر محەمەدی ، یاسین حاجی زادە: سەرچاوەی پێشوو، ل235 – ٢٣٦.

* ڤلادیمیر ئیلیتش ئۆلیانۆڤ لینین، ساڵی(١٨٧٠) لە شاری سیمیرسك لە رووسیا لەدایك بووە، پێشەواو دامەزرێنەری بیری كۆمۆنیستیو سەركردەی شۆڕشی روسی ساڵی (١٩١٧) بوو، كە یەكەم دەوڵەتی كۆمۆنیستی لە جیهاندا دامەزراند، ساڵی (١٩٢٤) كۆچی دوایی كردوە، پاش ئەوەی دووچاری هەوڵێكی تیرۆر كردن بۆوە لەلایەن یەكێك لە ئەندامانی پارتی سۆسیالیستی دیموكراتی، ئەم پێكانە بووە هۆی خراپبوونی باری تەندروستیو هۆكارێك بوو بۆ مردنی(مجموعة من المؤلفين: موسوعة مشاهير العالم، جزء الثالث، دار الصداقة العربية، بيروت، ٢٠٠٢، ص٨٩، ٩١"عبدالوهاب الكيالي(الدكتور): موسوعة السياسة، الجزء الخامس، ط٣، بيروت، ١٩٩٦، ص٦٠٣).

* جۆزیف ڤیساریۆ نوڤتش درۆگشغیلی، ناوی جۆزیف ستالینی وەك ناوێكی خوازراو بەكارهێناوە، كە بەواتای پیاوی ئاسنین دێت، پێشوایەكی دیاری كۆمۆنیستیو دیكتاتۆری رووسیا بوو، دوای لینین پاش ئەوەی هەموو هاوەڵەكانی لە حوكم دورخستەوە سەركردایەتی پارتو دەوڵەتی بەدەستەوە گرتو حوكمێكی تاكڕەوانەی سۆڤیەتی دەكرد، ساڵی (١٩٥٣) كۆچی دوایی كردووە(عبدالوهاب الكيالي(الدكتور): موسوعة السياسة، الجزء الثالث، ط٢، بيروت، ١٩٩٣، ص١٣٧"مجموعة من المؤلفين: المصدر السابق، ص٩٨، ١٠٠).

(٤)وەرگیراوە لە یاسین سەردەشتی(دكتۆر): شۆڕشو دیكتاتۆری،
http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=42dd1569

**بەشێوەیەکی گشتی هەموو رژێمە دیکتاتۆریەکانی سەدەی بیستەمو بەر لەوە سەدەیەش ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشانەیان هەیە-:**

**١-کۆبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەنددا.**

**٢-نەهێشتنی ئازادییە تاکە کەسیەکان.**

**رژێمی دیکتاتۆری هێرش دەکاتە سەر ئازادییە تاکە کەسیەکانو پێشلیان دەکاو پەرە بە دەسەڵاتو ئیمتیازەکانی دەزگاکانی حکومەت دەداو بە کردەوە ئیدارەی دەسەڵاتەکانی وواڵت لە رێکخراوێکی دەوڵەتیدا کەڵەکە دەکات.[١]**

**کۆمەڵێك هۆکار لە پشت دروستبوونی دیکتاتۆریەتەوە ئامادەیە، یەکێکیان دروستبوونی دونیایەکە خاڵی لەهەموو هیواو ئاسۆیەك بۆ گەشەکردن، دونیایەك پڕ لە نەهامەتیو زەحمەتیو تێکشکان، لەم دۆخانەدا دیکتاتۆرێك دێتو بەڵێنی ئەوە دەدات، مرۆڤەکان لە مرۆڤی بەدبەختەوە بکات بە مرۆڤی بەختەوەر، لە خەڵکانێکی کەمگوزەرانەوە بکات بە خەڵکانێکی خۆشگوزەران، نیشتمان لە داگیرکردنەوە بەرەو ئازادیو لە وێرانەوە بەرەو بەهەشتکردن ببات.[٢] بەڵام ئەوەی مێژوو پێماندەڵێت بە پێچەوانەی ئەم بەڵێنانەیە، نەك هەر نەیانتوانیوە بەڵێنەکانیان ببەنە سەر، بەڵکو ژیانێکی پڕ لەدۆزەخیان بۆ خەڵك دروستکردووە. چونکە پابەند بوونی سەرسەختانەی دیکتاتۆرەکان بەدرۆ پڕوپوچە بەراییەکانیانەوە تەنها بۆ رێزە بێپایانو ئەفسانە ئامێزی کارە بێبەهاکانیان ناگەڕێتەوە، کە هەر درۆیەکی سەرکەوتوانەیان درۆیەکی دی کێش دەکات تا سەرئەنجام خۆیان دەبن بە قوربانی دوا درۆیان.[٣] لە مێژووشدا چەند جۆرێك لە دیکتاتۆری دەرکەوتوون وەك دیکتاتۆری( پرۆلیتاریا)* و دیکتاتۆری دەستوری.**

**جۆری یەکەم (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا) لەو زاراوەیەی کە لە زمانی پارتە کۆمۆنیستەکاندا بریتیە لە قۆناغی گواستنەوە لە سەرمایەداریەوە بۆ سۆسیالیستیو بە گۆڕانی شۆڕشگێڕی وەسف دەکرێتو دەوڵەت لە لایەنی سیاسیەوە دەربڕی دیکتاتۆری شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریایە.[٤] لە قاموسی مارکسیزمدا دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، دەوڵەتی تایبەت بەو کۆمەڵگایانەیە کە تیایدا پرۆلیتاریا دەسەڵاتی سیاسی بەدەست هێناوەو لە پێناوی سۆسیالیزمو کۆمۆنیزمدا هەنگاو دەنێ، بە بڕوای مارکس لە نێوان کۆمەڵگەی سەرمایەداریو کۆمۆنیستیدا قۆناغێك هەیە کە قۆناغی گۆڕینی شۆڕشی یەکەم بۆ شۆڕشی دووهەمە، هاوکات لەگەڵ ئەم قۆناغەدا قۆناغێکی تێپەڕی سیاسیش هەیە کە دەوڵەت لەو قۆناغە جگە لە دیکتاتۆری شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا شتێکی دیکە نیە، بەبڕوای مارکسیەت دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەدەستی پرۆلیتاریاو بەدەستی شەڕێکی شۆڕشگێڕانە خۆی**

(١)زاهیر محەمەدی ، یاسین حاجی زادە :سەرچاوەی پێشوو، ل237.

(٢)مەریوان وریا قانیع: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.

(٣)هانا ئارێنت: بنەماکانی تۆتالیتاریزم، و/ حەمە رەشید، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٧٣– ١٧٤.

* بە چینی کرێکار دەوترێت لـە ووشـەی (prolearius)ی لاتیەنیـەوە هـاتووە، کـە واتـای مـیرات دەگەیـەنێ، یەکـەمجار لەسـەردەمی رۆمانیەکان وەك زاراوەیـەکی کۆمەڵایـەتی بـەکارهێنراوەو لەبـەر ئـەوەی هـەر لەبنەڕەتـەوە چـینی کرێکـاران هـەژارو کەمدەسـت بـوونو پشتاوپشت میراتیان بۆ نەماوەتەوە، بۆیە ناوی پرۆلیتاریایان بەسەردا براوە، ئەم ووشەیە لەگەڵ پەرەسەندنی مێژوودا گۆڕانی بەسـەردا هاتووەو ئێستا بەو کەسانە دەوترێت کە هیچ جۆرە هۆیەکی بەرهەمهێنانیان نیە.(یاسین صابر سالَح: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٣).

(٤)عبدالوهاب الکیالي :موسوعة السیاسة، الجزء الثاني، ص685.

دەسەپێنێ. لە مێژووشدا (کۆمۆنەی پاریس*) بە یەکەم جۆری دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەژمێردرێ.[1] جۆری دووەم (دیکتاتۆری دەستوری)یە کە بەزۆری لە ئەمریکای لاتیندا روودەدات، تیایدا دەسەڵاتی سەرۆکی ووڵات کە زۆرجار بە کودەتای سەربازی دێتە سەر دەسەڵات، سەرۆك پشت بە دەستورو دەسەڵاتی دەستوری دەبەستێ بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆی لە حوکمدا، دوای ئەوەی کە رەزامەندی لە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە وەردەگرێت، کە زۆربەیان پشتیوانانی سەرۆکن، یاخود هەڵبژاردنیان بە زۆر سەپێنراوە، واتای (پیاوی بەهێز) لە حوکمدا بەشێوەیەکی تایبەتی لە ووڵاتانی جیهانی سێهەمو ئەمریکای لاتیندا هەیە، بەجۆرێك رەگەکانی بۆ مێژووی پاشایەتی ئیسپانی دەگەڕێتەوە.[2]

بە خوێندنەوەی ژیانی دیکتاتۆرەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دیکتاتۆرەکان وەك چۆن ژیانێکی ئاساییو سروشتی ناژین، ئاواش بە مردنێکی ئاساییو سروشتیش نامرن، ناتوانن ماڵئاواییەکی ئارامو لەسەرخۆ لەو دونیاو لە هاوڕێو کەسوکارو میللەتو کۆمەڵگەیە بکەن کە لەنێویاندا ژیاونو دەژین. لە راستیدا زۆربەی دیکتاتۆرەکان بە دزیەوە دەمرن، زۆرجاریش مەرگێکی خوێناویو توندوتیژ، مەرگێك زۆرجار بڕێکی گەورە تۆڵەکردنەوەی تێدایە، تۆڵە لەو هەموو کوشتنو بڕینو خراپەکارییانەی بە پاڵپشتی تۆڕە شەیتانیەکانی دەسەڵات ئەنجامیداوە. مۆسۆلینی گەورە دیکتاتۆری مێژووی ئیتالیا، دوای دەسەڵاتداریەکی خوێناویو پۆلایی، دەستگیر کراو لەسێدارە درا، هیتلەر کە دەیزانی تۆڵەی ئەو هەموو خراپەکاریانەی لێدەکرێتەوە کە ئەنجامیدابوو، ناچار بوو خۆی لە ژوورێکدا بکوژێت، تەنانەت سەگێکیشی هەبوو کە زۆری خۆشدەویست پێش ئەوەی خۆی بکوژێت سەگەکەشی کوشت. سەدام حوسێنیش هاوشێوەی مۆسۆلینی لەسێدارە درا، هەندێکی تر لە دیکتاتۆرەکان بەشێوەیەکی توندو تیژانە ناکوژرێن، بەڵکو لە نێو جێگەی کەنەفتیو نەخۆشیدا دەتلێنەوەو مردنێکی بەئازاری جەستەییو روحی دەمرن، وەك مستەفا کەمال. مێژوو نموونەی چەندین دیکتاتۆرمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە بەشێکیان لە چەندین خاڵدا لەیەکچوون لە نێویاندا بەدیدەکرێت، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو خاڵەی کە رەوشی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسی زەمینە سازی لە دروست بوونی دیکتاتۆرەکاندا کردووە.

---

* زاراوەیەکی مێژووی فەرەنسیە کە بە حکومەتی (٧٢) رۆژەی شاری پاریس لە ساڵی (١٨٧١) دەوترێت (زاهیر محەمەدی ، یاسین حاجی زادە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٠).

(١)هەمان سەرچاوە، ل٢٣٨.

(٢)عبدالوهاب الكيالي: موسوعة السياسة، الجزء الثاني، ص٦٨٥، ٦٨٦.

## تەوەرەی دووەم

## بەراوردی نێوان دیکتاتۆرەکان

### ١-لە رووی کۆمەڵایەتیەوە:-

لەسەر بنەمای شیکردنەوەی دەروونی پێگەیشتنی دیکتاتۆرەکان بە شێوەیەك بووە کە بە (سەردەمی بێبەشبوون) ناودەنرێت، بۆ نموونە مۆسۆلینیو هیتلەرو مستەفا کەمالو سەدام حوسێنیش، ژیانی منداڵیان زۆر بە ئازار بووەو ژیانی هەرزەکاریشیان زۆر قورس بووە، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لە پاشتردا کەسایەتیان بکەوێتە ژێر کۆمەڵێك گرێی دەرونیەوە کە خۆی لە واتای (بێبەشبوون)دا دەبینێتەوە.

لەم بارەیەوە زانای دەروونناسیی(فرۆید) (قۆناغی منداڵیو مەسەلەی (حرمان) (بێبەشی) دەکاتە بنەمای دەرکەوتنی دەسەڵاتداری دیکتاتۆرو خۆسەپێن، ئەوەی منداڵ کەلە سەرەتادا تامی ئازادیو چێژگەراییەکی رەها دەکاتو پاشتر بەهۆی ئەو پابەند بوونە توندانەی دوای گەورەبوون بەسەریدا دەسەپێندرێت، وادەکات لە ململانێیەکی دەروونیی توندوتیژدا بژیو چاوەڕێی ئەوە بکات دەرفەتێکی دەستکەوێت تاکو چێژگەراییو ئازادییە رەهاکەی لەسەر حیسابی خەڵك بهێنێتەدی.[١] هەروەها پزیشکی نەمساوی دەروونناس (ئەلفرێد ئادلەر) کە لە فرۆییزم لایداوە، پێیوایە کە یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی کەسایەتی دیکتاتۆرو ستەمکارە توندوتیژەکان ئەو هەستە پڕ ئازارو بێبەشیو خۆبەکەمزانینە دەرونیەیە کە لە ناخی دیکتاتۆردا هەر لە سەردەمی منداڵیەوە رەگی داکوتاوە. ژیان لە سایەی باوکێکی توندوتیژ، بێبەشی لە یاریو خۆشیەکانی منداڵی، ژیانی وشكو برینگی بیابان یاخود چیا سەختەکان، ئازارەکانی هەژاریو برسێتیو ئاوارەیی، دیارە ئادلەر ئەم قۆناغەی تێپەڕاندووەو تەنانەت کەمو کورتیەکانی روخساریشی کردۆتە یەکێك لەو بێبەشیانەی ئازار لە ناخدا پێکدەهێنێو هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەیان لە حاڵەتی دەسەڵاتدارییدا وادەکات دەسەڵاتدار بەرەو دیکتاتۆریی بەرێت، ئادلەر ئاماژە بۆ دیکتاتۆرەکانی وەك قەیسەرو ناپلیۆنو هیتلەرو ستالینو مۆسۆلینیو فرانکۆو... هتد دەکاتو دەڵێت: ئەمانە هەموویان کورتە بنەبوونو ئەو کەمایەتیە جەستەییەش وایکردووە هەر لە منداڵییەوە لە ناخیاندا رۆحێکی شەڕەنگێزی بخولقێنێت.[٢]

گەر تەماشای ژیانی منداڵی بنیتۆ مۆسۆلینی بکەین دەبینین لە منداڵیدا زۆر پەیوەست بووە بە دایکیەوەو دایکی بەتەنها ئەرکی پەروەردەکردنی ئەم منداڵەی لە ئەستۆدا بووە.[٣] واتە لە سۆزی باوکی دووربووە، هەروەها هیتلەریش لە منداڵیدا زۆر پەیوەست بووە بە دایکیەوەو کێشەی زۆری لەگەڵ باوکیدا هەبووە،[٤] دایکی مۆسۆلۆنی ناوی (رۆزا مالتۆنی) بوو ژنێکی هێمنو دیندارو ناسكو لەلایەن هەموانەوە خۆشەویست بووە، باوکیشی (ئەلیساندرۆ) ئاسنگەرێکی لێهاتوو بووە زۆر مەیلی لە کار نەبووە، بەڵکو زیاتر کاتی خۆی لە

---

(١)وەرگیراوە لە یاسین سەردەشتی(دکتۆر): شۆڕشو دیکتاتۆری،
http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=42dd1569

(٢)وەرگیراوە لە هەمان سەرچاوە.

(٣)ئەحمەد ناصیف: مۆسۆلینی ئەفسانەیەك کە نەیدەویست بمرێت، و/ دڵسۆز عومەر، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپو پەخشی رێنما، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٥.

(٤)مجدي كامل: اشرار التاريخ، دمشق، ٢٠٠٨، ص١٩٠.

قسەكردن بە سیاسەتەوە بەسەر دەبردو نەچووبوە قوتابخانە، لەگەڵ ئەوەشدا رۆشنبیرێكی زیرەك بوو بانگەشەی بۆ بنەماكانی شۆڕشگێڕی دەكرد.[١] هەرچەندە مۆسۆلینی زۆرباش بووە لەڕاپەڕاندنی ئەو كارانەی باوكی پێی دەسپارد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی جار باوكی لەگەڵیدا توندو تیژ بووەو زللەو بۆكسی پیا كێشاوەو باوكێكی سەرەڕۆو دڕندەی هەبوو.[٢] سەرباری توندوتیژی باوكی لەگەڵیدا بەڵام مۆسۆلینی لەژێردەستی باوكی دەرچووەو چیتر نەیتوانیوە ئاقڵی بكات، هەرئەمەش وایلێكردووە كە كەسێكی دڕندەو سروشت توندو هەڵسوكەوت نارێكو زمان پیسو رەفتاری ناشارستانی لێدەرچێت.[٣]

هیتلەریش دایكی(كلارا پۆلتزل)ی زۆر خۆشدەویستو خۆی وتویەتی (من نازدارەكەی دایكمم)، ئەوپەڕی خۆشەویستی بۆ دەربڕیوە، بەو خۆشەویستیەش دایكی بەكارهێناوە بۆ ئەنجامدانی ئەو كارەی خۆی دەیویست، هەرچەندە دایكی وەسفی دەكرد بەوەی كە لە منداڵەكانی تر جیاوازە، لەگەڵ ئەوەشدا پێداگر بوو لەسەر ئەوەی هەر كاتێك هەڵە بكات تەمبێی بكات، بەڵام نەیدەزانی بۆ تۆڵە كردنەوە لە جیهان ئامادەی دەكات.[٤] هەربۆیە هیتلەری لاو زیاتر دڵسۆزو هۆگری دایكی بوو وەك لە باوكی، تەنانەت كاتێك لە جەنگی یەكەمی جیهانیدا بووبە خۆبەخشو چووە ناو سوپای ئەڵمانیاوەو لە ریزەكانی ئەو سوپایەدا شەڕی دەكرد، وێنەیەكی دایكی لە جزدانەكەی بەرباخەڵیدا هەڵگرتبوو.[٥] بەپێچەوانەوە باوكی ئەدۆڵف پیاوێكی توندو دڵ رەق بوو، دڵی بەردین بووەو نەرمیو چارەسەری نێوەندی نەزانیوە، لەوەش دەچێ ئەدۆڵف ئەو سروشتە تیژەی لە باوكیەوە وەرگرتبێ، (ئەلویس)ی باوك لە پەنجاو شەش ساڵیدا خانەنشین كرا، سەرەڕای ئەوەی لە واقیعدا پیاوێكی رەقو هەستی بە تەنیای دەكرد، ئەو باوكە لە ماڵدا توند بوو، ئەوەی دەیوت یاسایەكی جێبەجێكردن بوو، بۆكەس نەبوو رەخنە یان بۆچونی تیادا دەربڕێ، هیچ منداڵێكی نەبوو لە لێدانی ئەو رزگاری بووبێ، بە تایبەتی ئەدۆڵفی كوڕی كە بەردەوام جیاوازیان لە نێواندا هەبوو، پێدەچێت ئەو جیاوازیەش بۆ جیاوازی گەورەیی تەمەن گەڕابێتەوە، چونكە كاتێك ئەدۆڵف لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا بوو، باوكی تەمەنی شەستو چوار ساڵ بوو، لەوەدا ئەدۆڵف لە نزیك بوونەوە لە ماڵو سزای باوكی دەترساو بۆ رزگاربوون لە سزای باوكی بە زۆری لە دەرەوە ژیانی بەسەر دەبرد.[٦] ئەم باوكە تابینە قاقای رۆچووبووە ناو سەپاندی كەسایەتیو رێزی خۆی بەسەر خێزانەكەیو منداڵەكانی خۆیدا، تەنانەت ئەگەر خودی هیتلەر خۆشی بیویستایە قسەی لەگەڵا بكردایە ئەوا قسەكانی بەم شێوەیە دەستی پێدەكرد (باوكی گەورەم).[٧] باوكی بۆ پەروەردەو باشكردنی بە توندییەوە كوڕەكەی تەمبێ دەكرد، بەڵام ئەو هەمیشە دژی ویستی باوكی بوو كە داهاتووی دەویست، باوكی دەیویست ئەدۆڵف لە خوێندندا بەردەوام بێتو لە حكومەتدا وەزیفەیەكی باش راپەڕێنێو دەستەبەری بژێوی

---

(١)الحسيني الحسيني معدى: بنيتو موسوليني، نهاية طاغية وسقوط الفاشية، القاهرة، ٢٠٠٩، ص١٥.

(٢)هشام خضر: مذكرات موسوليني، دار الطيبة للطباعة، ٢٠٠٨، ص١١، ١٢.

(٣)هشام خضر: المصدر السابق، ص١٧.

(٤) لویس ل. سنیدەر(دكتۆر): ئەدۆڵف هیتلەر راستترین ژیاننامەیەكی دەستاو دەستكراوی ئێستای وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، و/ عبدالله گەرمیانی، چاپەمەنی سایە، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٢.

(٥)فريد الفالوجي :ادولف هتلر، كفاحي، قراءة جديدة في مذكرات هتلر و نهايته، دار الكتاب العربي، دمشق، 2005 ، ص١٦.

(٦)لویس ل. سنیدەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢، ١٣.

(٧)دەستەیەك: نهێنییەكانی هیتلەر، و/ كارزان عەزیز، چ٥، خانەی چاپو پەخشی رێنما، سلێمانی، ٢٠١١، ل٥٣.

خۆی بکات، وەك چۆن خۆی ئەوەی دەستەبەر کردبوو، بەڵام ئەدۆڵف لە بیستنی ئەو قسەیە رقی دەبویەوەو رۆژێکیان بە راشکاوانە بە باوکی دەڵێت:" دەیەوێت ببێت بە وێنەکێش، یەکسەر باوکی هاواری کرد بەسەریدا "نەخێر هەزار جار نەخێر، هیچ کات ئەوە نابێ تا من مابم ".[١] بۆیە لەئاست ئەو بەرهەڵستیە توندەی باوکی بەرامبەر بە خوێندنەکەی هیتلەر بڕیاریدا خواستو ئارەزووی خۆی باس نەکاتو بەکەمێك کەمتەرخەمیو بێدەربەستیەوە درێژە بە خوێندنەکەی لە شاری (لینز) بداتو تەنها مێژووو جوگرافیا بەجدی وەربگرێت چونکە لەم دوو وانەیەدا دیارو سەرکەوتووبوو.[٢] لێرەوە ئەدۆڵف رێگەیەکی بۆ رکابەری کردنی باوکی دۆزیەوە تا ئارەزووەکانی جێبەجێبکات، ئەو رێگەیەش ئەوە بوو خۆی لە تاقیکردنەوەکاندا دەرنەچێنێو باوکیشی ناچاری خەرجی زیاتری خوێندنەکەی بکات تاکو ناچار بێتو ملکەچی واقیعی بکات، هیتلەر هەر لەوکاتەوە خۆی لەسەر فێڵو رق بونەوە لە دەسەڵات راهێنا کە لە باوکیدا بەرجەستە ببوو، لە وێنەی ئەویشدا ئەو تێڕوانینە بۆ ئەدۆڵف دروست بوو کە حەق هەمیشە لە ریزی بەهێزدایە.[٣] دوای مردنی باوکی، دایکی ناچار بوو وەکو خزمەتکار لە یەکێك لەماڵە دەوڵەمەند جولەکەکاندا کاربکات، بێبەشبوونی هیتلەر لە سۆزی باوکیو دایکیشی کە دەبوو لە پێناو پەروەردەکردنیدا کاربکات، رەگەزێکی گرنگ بوو لە کارکردنە سەر وورەی هیتلەرو گریانی هەموو بەیانیەك کاتێك کە دایکی ماڵی بەجێدەهێشت بۆ ئەوەی کارەکەی لەدەست نەدات، کاتێك گەورەش بوو لە دایکی پرسیوە کە هەموو بەیانیەك بۆ کوێ دەڕۆشت؟ ئەویش پێی ووتووە کەلای کەسێکی جولەکە کاری کردووە، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ زیاتر رقبونەوەی لە جولەکە.[٤]

گەر باس لە مستەفا کەمالیش بکەین هەرچەندە بە لەشساغی لەدایکبوو، بەڵام لەدایکبوونی نەبووە مایەی دڵخۆشی ئەم ماڵە، بەتایبەتی کە پێش ئەم سێ منداڵی تر بەناوەکانی فاتمە، عومەر، ئەحمەد، لەدایکبونو بەنەخۆشی جیاواز مردبوون. کێشەی ئەو ماڵە لە کوڕە تاقانەکەیانەوە دەستیپێکرد کە منداڵێکی سروشت توندو رەفتار دڕندانە بوو، هەر لە منالیەوە کەلە ڕەقبوو لە فەرمانەکانیان دەردەچوو، بەو پێیەی کە منداڵی جێگرەوەی ئەو خانەوادەیە بوو نازی درابوویە. [٥] لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی لەگەڵ باوکیدا باش نەبووەو نەك هەر رقی لە باوکی بووە بەڵکو زانینی باوکی راستەقینەش بۆ ئەو کارێکی سەخت بووە، چونکە بەشێك لە نووسەران پێیان وایە مستەفا کەمال منداڵێکی ناشەرعی بووە، لەوانە(د .رچا نور) کە مێژوو نوسو پزیشکێکی تورکیە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مستەفا کەمال منداڵێکی ناشەرعی بووە، تەنانەت مستەفا کەمال حەزی نەکردووە بەناوی مستەفا عەلی رەزاوە بناسرێ بەڵکو ناوی مستەفا کەمالی پێباشتر بووەو هەڵیبژاردووە.[٦] ئەمە جگە لەوەی کە چیرۆکی زۆر هەیە لەسەر باوکی راستەقینەی مستەفا کەمال،[*٧] هەروەك (ئارمسترونگ) لەو کتێبەیدا

(١)وەرگیراوە لە لویس ل. سنیدەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣-١٤.

(٢)دەستەیەك: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

(٣)لویس ل. سنیدەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

(٤)هشام خضر: المصدر السابق، ص٣٤- ٣٥.

(٥)محمود عبدالرحیم عرفات: امام الاتراك، بدون سنة ومكان الطبع، ص١٢، ١٣.

(٦)وەرگیراوە لە منصور عبدالحکیم: مصگفى كمال اتاتورك، ژئب الگورانیه الأغبر، دار الكتاب العربی، دمشق، ٢٠١٠، ص١١٨.

* سەبارەت بە باوکی مستەفا کەمال بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، بەو پێیەی کە مستەفا کەمال لە پێست سوورو سپیەکان نەبووە بۆیە پێدەچێت لەو تورکمانانە بوبێت کە پێیان دەوترا (یوروك) لەوانەی (قۆنیە) یا لە (ئایدن)ەوە چووبون بۆ (روملی)و (عەلی رەزا ئەفەندی)

کەلەسەر (مستەفا کەمال) نوسیویەتی بەڕاشکاوانە پەنجەی خستۆتە سەر سەرەتای گرێ دەرونیەکانی مستەفا کەمالو ئاماژە بەوە دەکات کە شوکردنی دووەمی دایکی بەیەکێك لە ڕۆدیسیە دەوڵەمەندەکانو پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ دایکیو پەنا بردن بۆ هاوەڵە مەکدۆنیەکانی یەکێك بووە لە تێکشکانە دەرونیەکانی.[1] بۆیە مستەفا کەمال سەبارەت بە دایکی بەدرێژایی ژیانی بێدەنگی هەڵبژاردوە، بەبێ هیچ بۆنەیەك دەیووت:" وەك ئەوانی تر لەدایك بوومو گەورە بوومو ئەگەر جیاکاریەك یان جیاوازیەك هەبێت لە لەدایك بوونمدا ئەوا لە بوونم وەك تورکیەك فەتیس دەبێت".[2] ئەمەش زۆر بەڕوونی ئاماژەیە بۆ ئەو گرێ دەرونیەی کە بەدەستیەوە دەیناڵاند بەهۆی ڕەچەڵەكو لەدایك بوونیەوە.

سەبارەت بە ژیانی سەدامیش زۆربەی کتێبەکانی سەربردەی ژیانیو ئەو ئاماژە تایبەتیانەی ژیانی کە پێشتر بڵاوکراونەتەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەویش منداڵێکی شەرعی نیە، تۆمارەکانی عێراق ئەوە دەردەخەن کە سەدام لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان (سەبحە تلفاح)ی ژنە جوتیاری خوشکی خەیروڵڵا تلفاحو حسێن مەجید هاتۆتە دنیاوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زانیاریە کەمانەی دەربارەی حوسێن زانراون وایکردووە کە ئەو ڕاستیە سادەیەش جێگای مشتومڕ بێت، هەروەها باس لەوە دەکرێ کە لەکاتێکدا سەدام ئارامگایەکی گەورەی بۆ یادکردنەوەی دایکی دروست کردبوو، باوکی ئەو جۆرە ئارامگایەی نەبووەو هیچ تۆمارێکیش بۆ مردنو شوێنی شاردنەوەی نەبووە.[3] باوکی سەدام بەر لە لەدایك بوونی سەدام، جیهانی بەجێهێشتووە، هەرچەندە لەسەر ئەم بابەتەش کۆمەڵێك ڕای جیاواز هەیە،* بەهەر حاڵ ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە سەدام لەسەرپەرشتی باوکی

---

کە مێردی زبێدە بووە بە باوکی مستەفا کەمال دانراوە، بەڵام مستەفا کەمال کاتێك ئەو وێنەیەی ڕەزا ئەفەندی بینیوە دانی بەوەدا ناوە کە ئەوە باوکی ئەو نەبووە. لە ئینسیکلۆپێدیای فەرەنسی (لارۆس)دا هاتووە کە ناوی باوکی ڕاستەقینەی مستەفا کەمال (ئەلپۆماك)بووە. بۆچوونێکی تر هەیە کە لەسەر زاری پیاوە پیرەکانی تسالیاوە دەگێڕدرێتەوە کە دایکی مستەفا کەمال لە مەیخانە ئیشی کردووەو کوڕێکی خەڵکی (یەنی شهر) کە ناوی (ئابدوش ئاغا) بووە لە مەیخانەکەدا چاوی بە زبێدە کەوتووەو لەگەڵ خۆیدا بردویەتی بۆ شارەکەی خۆیو مستەفا کەمال لەوێ لەدایك بووە، پاش ئەوەی تەمەنی دەگاتە پێنج ساڵان (ئابدوش) دەمرێتو زبێدە گەڕاوەتەوە بۆ سالۆنیێكو پاش ئەوەی تەمەنی دەگاتە (١٠) ساڵان دەچێتە شارەکەی ئابدوشو داوای بەشە میراتی دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی منالّی شەرعی نەبوە بۆیە بەشە میراتی بەرناکەوێتو دواتر زبێدە شویکردوە بە عەلی ڕەزا( وەرگیراوە لە م. ڕەسول هاوار: کوردو باکوری کوردستان لە دوای شەری یەکەمی جیهانیەوە هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعید لە پیران، ب٢، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٦٨، ١٦٩، ١٧٠).

(١)وەرگیراوە لە علی محمد الصلابی: دەوڵەتی عوسمانی، و/ احمد عبدالرحمن احمد، نهاد جلال حبیب الله، دار المعرفة، بیروت، ٢٠٠٧، ل٦١٩.

(٢)وەرگیراوە لە منصور عبدالحکیم: المصدر السابق، ص١١٨.

(٣)کۆن کۆگلن: سەدامو ژیانی نهێنی، و/ لوقمان باپیر، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٢" محمود عبدە: صدام حسین رحلة ام نهایة الخلود من الاعتقال الی الاعدام، دمشق، ٢٠٠٧، ص١١.

* ڕاپۆرتی عێراقی کە بە فراوانی جێگای ئەو بۆچوونەیە دەربارەی چارەنووسی حوسێن ئەلمەجید کە بە دەستی ڕێگران کوژرابێ، ئەمەشیان کۆتاییەکی بەدور نیە، جیاوازی زۆری دەربارەی ئەو بیرۆکەیە هەبوو، لەوانەش ئەو بیرۆکەیەی دەڵێ کە ئەو لە کارێکی ڕێگریدا کوژراوە کە خۆی پێی هەڵساوە، گێرانەوەیەکی دیکە هەیە دەڵێ ئەو ماڵەوەی لەدەست سەبحەی بەدەسەڵات جێهێشتووە، کە داواکاری زۆری هەبووە، هەروەها بۆچونێکی ترهەیە دەڵێن کە حوسێن وەك خزمەتکار لای سەرۆك وەزیرێکی عەرەب پێشتر لەسەردەمی پاشایەتیدا کاری کردووە، لە کاتێکدا هەندێکی تر ئەو بۆچوونە ڕەتدەکەنەوەو دەڵێن یان کرێکارێکی بێکار بووە یان بەشداری لە تاڵانو دزی نا مەشروع کردووە، کە بەهۆیەوە ناوبانگی خەڵکی عۆجە خراپ بووە، ڕاپۆرتێکی دیکەش هەیە ئاماژە بەوە دەکات کەلەسەر

بێبەش بووەو بەشێوەیەك دەردەکەوێت کە هەستی بە خۆشەویستی دایکیشی نەکردووە، دایکی (سەبحە) بە هەژاریو نەداری سەرپەرشتی مندالەکەی خۆی لە ئەستۆ گرتووە، هێشتا سەدام منالێکی چەند سالانە بووە کە دایکی حەزی لە پیاوێکی خاوەن ژنو منالْ بە ناوی (ابراهیم) * کردووەو شوی پێکردووە، بەمەش سەدام کەوتۆتە ژێر سەرپەرشتی زڕباوکەکەی، ئیبراهیم پیاوێکی نەخوێندەوارو ناحالی بوو زۆر رقی لە زڕکوڕەکەی خۆی بووەو ئازاری داوە. دوای چەندین سالْ، سەدام ئەم بیرەوەرییانە باس دەکاتو دەلێت:" ئیبراهیم هەلسوکەوتی لەگەلْ مندا باش نەبوو، بەیانیان زوو بە ووشەی ناشیرینو بە سوکایەتی کردن بە باوکم منی لەخەو هەلدەستاندو داوای لێدەکردم کە مەڕو مالاتەکە ببەم بۆ لەوەڕ، ئەو پیاوە هەلسوکەوتی لەگەلْ مندا باش نەبوو، پیاوێکی دەم پیس بوو بەبەردەوامی لەمیانەی جنێودان بەمن کرداری ناشیرینی دەدایە پالْ دایکمو منی بە باوك سەگ ناودەبردو هەندێ کاتیش منی ناچار دەکرد کە بەنهێنی بچم بۆ مالی دراوسێکانو مریشكو ئاژەلی مالی تریان لێ بدزم تا ئەو بیبات بۆ بازاڕو بیفرۆشێت ".[١] ئەوانەی ئیبراهیمی مێردی دایکیان ناسیوە باس لەوە دەکەن کە کەسێکی زۆر دڕندە بووەو هیچ هەستێکی باشی بۆ سەدام نەبووە بەبێ رەحمانە لێیداوە سەرباری ئەوەی تەمەنی زۆر بچووك بووە، سوربووە لەسەر ئەوەی فێری کشتوکالو ئاژەلداری بکاتو پێی وابووە باشترین شێواز بۆ پەروەردەکردنی توندو تیژیە تا ببێتە پیاو.[٢] پسپۆڕی کەسایەتی لە دەزگای سیخوڕی ئەمریکی (جیرولد پوست) لێکۆلینەوەیەکی لەسەر کەسایەتی سەدام ئەنجامداوە، ئەوەی کە پۆست پێی گەیشت لەو لێکۆلینەوەیەدا ئەوەیە کە نهێنیەکانی کەسایەتی سەدام دەگەڕێتەوە بۆ منالیو لە کاتی لەدایکبوونیەوە دەستپێدەکات، دەلێت:" مرۆڤ ناتوانێت خەیالی ئەوە بکات چۆن دێتە ئەم دنیایەوە خراپتر لەوەی سەدام هاتە نێویەوە، ئەو کاتەی کە دایکی سکی هەبووە بە سەدام، باوکی سەدام مرد، بە قۆناغێکی یەکجار ناخۆشدا تێپەڕیووەو چەند جارێك هەولیداوە خۆی بکوژێت، یان سکەکەی لەباربەرێتو لەنێوی ببات، کاتێك سەدام لەدایك بوو تەنانەت حەزی نەدەکرد سەیری دەمو چاویشی بکات".[٣] هەروەها برایەکی تریشی بووە دوای باوکی ئەویش مرددوە، بۆیە سەبحە هەولی کوشتنی منالەکەی ناوسکی دەداتو پێی وابووە ئەو سکە چارە رەشیە بۆ ئەو، زۆرجار هەولیداوە لەباری بەرێت. ولای زۆر لە دراوسێکان باسی کردبوو کە ئەو سکەی ئەو شەیتانی تیایە.[٤] ئەو هەلومەرجە ناجۆرەی ژیانی مندالێتی، سەدام حوسێنی کرد بە دیکتاتۆرێکی ئامادەکراو بەوەی کە منالیەکی ئالۆزو ناخۆشو زۆر چەوساوە بووە، بۆیە سەدام منالێکی شەڕەنگێزبووە، کە هەلدەستا بە

---

دەستی خزمەکانی سەبحە کوژراوە وەك تۆلە کردنەوەیەك لە سکپڕبوونی لەدەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیری ئەمەش بیرۆکەیەکی گونجاوە(وەرگیراوە لە کۆن کۆگلن: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣).

* چەند سالێك بەنهێنی درێژەیان بە خۆشەویستیەکەیان داوە پێداگری ئیبراهیم بۆ هاوسەرگیرێتی لەگەلْ سەبحە ئەنجامی نەبوو چونکە سەبحە یەکەمین مەرجی هاوسەرگیرێتی جیابوونەوەی ئیبراهیم لە هاوسەرەکەی دانابوو، ئیبراهمیم سەرەتا ئەم جیابوونەوەیەی بەدلْ نەبوو بەلام سەرەنجام عەشق بەسەریدا زالبوو لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوە.( وەرگیراوە لە LAURIE ،JUDIT MILLER MYLROIE: لە تکریتەوە بۆ کوێت، و/ مەریوان غەریب، کامەران مەنتك، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٣٨.

(١)وەرگیراوە لە هەمان سەرچاوە، ل٣٨– ٣٩.

(٢)مجدي كامل: من يصنع الطغاة؟ محاولة لوضع الجرس في رقبة القط، دمشق– القاهرة، ٢٠٠٨، ص٩٥.

[٣] وەرگیراوە لە http://www.alsakher.com/archive/index.php/t-56729.html

(٤)کاوانی ئەنوەر مەسیفی: صدام حسێن پانۆرامای سیاسەتی خوێناوی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١، ل٢١، ٢٢.

سوركردنەوەی ئاسنو داخ كردنی سكی گیانەوەران، هەروەها ماری دەخستە نێو گیرفانی مامۆستاكانیەوە، هاوڕێ نزیكەكانی گەواهی كارە بچوكەكانی رۆژانەی بوون كە بریتی بوو لە گیرفان بڕین، دزیكردن، دەستدرێژی كردنو یەكەم كاری تەقەكردن، ویەكەم كاری كوشتنی فعلی، ئەویش كوشتنی حاجی سەعدون ناصری، كە یەكێك بوو لە سەركردە شوعیەكان لە تكریت، لەسەر داوای خاڵی تلفاح.[1] پۆست دەڵێت:" مێردەكەی دایكی لەگەڵ سەدامدا زۆر خراپ بووە لە رووی دەروونیو جەستەییەوە، كە بووە هۆی هێنانە ئارای دەرونێكی بریندار كراو كە كەسایەتیەكی فشەڵو زۆر بەهەست بێت بەرامبەر بە بچوكترین كار، سەدام ئەم كەسایەتیە فشەڵەی خۆی لەژێر پەردەی روكارە خراپەكەیدا دەشاردەوە، بۆیە هیچ رەخنەیەكی قبوڵ نەدەكرد، هەروەها دەڵێت سەدام بۆ پڕكردنەوەی ئەو كەمو كورتیەی كە لە كەسایەتیەكەیدابوو هەوڵی گەورەكردنی كەسایەتی (تعقیم الزات)و حەزە زۆرەكانی دەدا بە جۆرێك كە توانای چاودێری كردنی گەلەكەی لەدەستدابوو، توانای ئەوەی لەدەست دابوو كە بەشداری كەسانی تر بكات لە ناخۆشیو ئازارەكانیاندا، بۆیە پۆست پێی وایە كە منالی سەدامو ئەو رێگە خراپەی كە مێردی دایكی مامەڵەی لەگەڵ دەكرد وایلێكردبوو كە سوربێت لەسەر ئەوەی جارێكی تر سەر بۆ هیچ هێزێك گەورەتر لە هێزی خۆی دانەنەوێنێ".[2] سەدام كاتێك لە گوندی عوجەوە هاتو لەماڵ خاڵی جێگیر بوو لە ناوچەی كەرخ بیانوی ئەوە بوو كە هاتووە بۆ بەغداد بۆ تەواو كردنی خوێندنەكەی، بەڵام لە راستیدا خێزانەكەی دەیانویست لە تكریت دوریخەنەوە، لەبەر ئەوەی كێشەی زۆر دروست دەكرد، خاڵی هاتنی سەدامی پێیخۆش نەبوو، بەڵام نەیدەتوانی دەریكات لەبەر ئیعتیباراتی خێزانیو سەدام خۆشی هەستی بەوە كردبوو، بۆیە هەوڵیدەدا زۆربەی كاتەكانی لە قاوەخانەی ئەبی قاسم لە گۆڕەپانی شەهیدان بەسەر بەرێت، بە بیانوی خوێندنی وانەكانیەوە.[3] ئەو توندو تیژیەی كە لە منالیدا دووچاری ببوو كاتێك منالێكی لاواز بوو، بەوە قەرەبووی كردەوە كاتێك كە گەورە بوو توندو تیژ بێت بەرامبەر كەسانی تر، بۆیە توندو تیژیو چەوسانەوەی تەواوی لە دژی هەركەسێك دەكرد كە بیوویستایە دەسەڵات بگرێت بەسەر چواردەورەكەیدا.

لەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتیانەدا سەدام دایكی زۆر خۆشدەویست، وەك چۆن لەو رێزلێنانە گەورەیەدا دەردەكەوێ بە بنیاتنانی مەزرارێكی گەورە كە دوای مردنی بۆی هەڵبەست، لەسەر كێلی گۆڕەكەشی نووسیووە (دایكی تێكۆشەرانە) لە تێبینیەكی تایبەتیدا سەدام قوڵی پەیوەندی بە دایكیەوە دووپات كردۆتەوە، بەوەی كە زۆركات سەردانی كردووە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ئاستەنگانەی لەو ماوەیەی لەگەڵیدا ژیابوو، دڵسۆزی سەدام بۆ دایكی جێگەی گرنگی پێدان بوو.[4]

گومانی تێدا نیە هەر تاكێك لە كۆمەڵگەدا لە نێو كۆمەڵێك هاوكێشەی كولتوریو ئەخلاقیو سیاسیو كۆمەڵایەتیدا دەژی كە بەشێك لە ویستو ئارەزووەكانی تەواو ناكۆكە لەگەڵ ئەو واقیعەی تیایدا دەژی، بۆیە هەریەك لەم كەسایەتیانە رووبە ڕووی بە چەندین ململانێی كولتوریو كۆمەڵایەتیو سایكۆلۆژی بۆتەوەو بە

---

(١)عبدالحميد الأنصار(الدكتور): من يصنع الديكتاتور، الجريدة الكويتية، http://www.alitthad.com/paper.php?name=News&file=article&sid=74150،

(٢) وەرگیراوە لە http://www.alsakher.com/archive/index.php/t-56729.html

(٣) هايدة العامري: جوانب خفية عن صدام حسين تنشر للمرة الاولى – http://www.kitabat.com/ar/page/07/03/2013/9540/%D8%AC%D9%88%D8،١

(٤)كۆن كۆگلن: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

جۆرێك لە جۆرەکان لە ململانێیەکی گرفت ئامێز لەگەڵ خۆیو دونیای دەورو بەریدا ژیاوە، لەوانە لە ناو سیستمێکی باوك سالاردا ژیاوە کە بازی بەسەر ئازادیو ئیرادەو ئارەزووە تاکەکەسیەکانیدا داوە، بەمەش ئەم کەسایەتیە یاخیانەی دروستکردووە. تەنها بە روانینێکی کورت لە ژیانی منداڵیان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت خۆشەویستیو سۆزی دایكو دڵڕەقی باوكو هەڵسوکەوتی نەشیاویان وای لێکردوون دووچاری گرێیەکی دەروونی ئاڵۆز ببنەوە.

## ٢- لە رووی پەروەردەو خوێندنەوە-:

بە تێڕوانین لە ژیانی پەروەردەو فێرکاری هەرچوار سەرکردەکە، سەرباری خراپی بارودۆخی ژیانیان، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیانداوە قۆناغێکی باشی خوێندن ببڕنو زۆر رشت بن لەسەر تەواوکردنی خوێندنیان، سەرباری ئەوەی کەسانێکی زۆر شەڕانگێز بوون لە نێو خوێندنگەدا، خۆیان وەك کەسانێکی زیرەكو بەتوانا لە وانەکانی خوێندندا دەرخستوە.

مۆسۆلینی خۆی بەسروشت لاوێکی چەتونو سەرگەرم بووە.(١) دوای ئەوەی لەکەنیسە دەرکرا بەهۆی زۆری کێشەکانیو نارێك بوونو زاڵ نەبوون بەسەریدا، بۆیە ناچار بوون بیخەنە قوتابخانەیەکی ناوخۆیی، مۆسۆلینی لەسەرەتادا منداڵێکی هێمنو کەم دوو بووە، بەڵام کاتێك تەمەنی گەیشتۆتە هەشت ساڵی دەستی کردووە بە دزی کردن، هەمیشە وەك کەسێکی شەڕانی لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا مامەڵەی کردووەو کێشەی زۆری دەنایەوە، بەهۆی ئەوەی کە هەڕەشەی لە منداڵێکی تر کردبوو کە بە چەقۆ بیکوژێت، لە قوتابخانە دەریانکرد، مۆسۆلینی لەسەرەتای تەمەنیدا سروشتێکی زۆر سەرکەشانەو مەزاجێکی توندو بیرکردنەوەیەکی شەڕانگێزی هەبوو، بەخێرایی هەڵ دەچوو زۆر تورەو دڵڕەق بووە، تا لە قوتابخانە دەرکراو هیچ شتێك فێر نەبوو.(٢) کاتێك مۆسۆلینی گەورە بوو باوکی ناردیە دوکان بۆ ئەوەی یارمەتیبدات لە کارکردندا، بەڵام مۆسۆلینی کوڕێکی زۆر کەللەڕەق بوو، زوو تورە دەبوو گوێی لەکەس نەدەگرتو کێشەی زۆری دەنایەوە، بەهۆی شەڕ کردنی لەگەڵ منالانی گوندەکە، تا جلەکانی نەدڕایەو دەمو چاوی خوێنی لێنەهاتایە نەدەگەڕایەوە بۆ ماڵ، بەڵام سەرباری ئەوەش دەیتوانی سۆزی خێزانەکەیو منالانی گوندەکەی بەدەست بهێنێت، لە ئێوارانداا کاتێکی زۆری بە چاودێری کردنی باڵندە بەسەردەبرد، دەگێڕنەوە کە رۆژێك بە دایکی ووتوە ": رۆژێك دێت هەموو جیهان سەرسام دەکەم" .(٣) مۆسۆلینی خاوەنی سروشتێکی ووشكو زبر بوو، زۆر بەزوویی لەگەڵ قوتابیەکاندا بەیەکیدادەداو بە رەفتارە ئیستفزازیە سەرەڕۆییەکەی شوێنی دوژمنی بۆ گرتبوونەوە، مۆسۆلینی هەرگیز ئامادە نەبوو بۆ بیرکردنەوەو رقی لە قوتابخانەو مامۆستاکانی دەبۆوە، حەزی نەدەکرد کاهینەکان ببینێ، هەوڵی نەدەدا هاوڕێکانی بناسێ یاخود لە گاڵتەو یاریدا بەشداریان لەگەڵدا بکاتو باس لەوە دەکرێ کە تەنها کەسێك بۆتە هاوڕێی بونیادی لەشو سەری زۆر گەورە بووە، تەنها رێگەی بە مۆسۆلینی دەدا بە گۆچان

(١)جەواهیر لال نەهرۆ: چاوپێداخشانێك بە مێژووی جیهاندا، و/ رؤوف محمد زهدی، بەشی دووەم، بغداد، ١٩٩٠ ، ل٢٢٨.

(٢)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

(٣) نقلاً عن الحسینی الحسینی معدی: المصدر السابق، ص١٥.

لێیبدات، ئەمەش بۆخۆیو بۆ بەفیرۆدانی کات بووە.[1] مۆسۆلینی ئاماژەی بەوە کردووە کە:" زۆر رقی لە مەکتەبو باوکە سیلیزیەکانیو منداڵانی مەکتەب بووە، بەتایبەتی منداڵانی دەوڵەمەندەکان، ئەوانەی لەسەر سفرەی تایبەتی خواردنی تایبەتیان دەخوارد".[2]

پاش تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی، پەیوەندی بە قوتابخانەیەکی ناوخۆیی (سیکۆلار)یەوە کردووە، پاشتریش چۆتە پەیمانگەیەکی هونەری (فۆرلیمبوبولی)، لەم ماوەیەدا ئیتر وورده وورده لە روی جەستەییەوە گەورە بووەو پێگەیشتووەو بۆتە کەسێکی هەرزەکارو لە رووی دەست رەنگینیو خێرایی شت وەرگرتن ناوبانگی دەرکردوە، بەهۆی هەندێك تایبەتمەندی ترەوە بە خێرایی لەناو هاوەڵەکانیدا بۆتە جێگەی سەرنجو کەسایەتیەکی دیاری نێوانیان، هەرچەندە کەسێکی کێشەدارو خاوەن سروشتێکی توند بووە.[3] چونکە ژیانی منداڵی ژیانێکی هێمنو ئاسایی نەبووە، بەڵکو ژیانێکی ناخۆش دڕندانەی هەبووە، هەروەك خۆی ئاماژەی پێکردووە کە نەیدەتوانی بچێتە سەر شەقامو شەڕ نەکاتو بەدەمو چاوی خوێناویو برینداریەوە نەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، بەجۆرێك وایلێهاتووە چێژی لەو ململانێو شەڕکردنانەو ئازاردانی خەڵکی بینیوە.[4] لە (8ی یۆلیۆی ساڵی(١٨٩٨)دا مۆسۆلینی دوای(3) ساڵ بڕوانامەی دیبلۆمی مامۆستایی بەدەستهێناوە، پاش ئەمە لە رووی رۆشنبیریەوە رویکردۆتە زانستە مرۆڤایەتیەکانو ئەدەبی گریکیو یۆنانی، ئەم جۆرە لەسەرجەم خوێندنگە ئیتالیەکاندا بەشێوەیەکی فراون باو بووەو بڵاوبۆتەوە، پاشان مۆسۆلینی دەیتوانی لە رێگەی نوسینەکانیەوە بیروبۆچوونی خۆی دەربڕی، ئیتر لێرەوە سەرەتای رۆژنامەنوسێکی شەڕانیو نەگبەتو بەدڕەفتارو دوژمنکار دەرکەوت، پاش ئەوەی چاوی کەوت بە (ئەنجلیکابالاف)ی روسی بە رەچەڵەك ئیتالی کە خەریکی بڵاوکردنەوەی بیری مارکسی بوو لە نێو کۆچەرە ئیتالیەکان لە نەمسادا، سەراپا ژیانی گۆڕاوە، ئەم ژنە بوەتە مامۆستایو لەهەمانکاتدا هاندەری نوسینەکانیشی بووە، لێرەوە دەستیکردوە بە بڵاوکردنەوەی ووتارەکانی لە رۆژنامە سۆسیالیستەکاندا، وبڵاوکردنەوەی چیرۆکێکی رۆمانسی کۆن بەناوی (خۆشەویستەکەی کاردیناڵ).[5]

هیتلەریش سەرەتا پەیوەندی کردووە بە قوتابخانەی دێی (فیشلهام)ی سەرەتایی حکومیەوە، پاشان چۆتە قوتابخانەی کەنیسەوە لە (لامباش)، بەڵام بەهۆی سەرکەشیەکانیەوە قبوڵیان نەکردووە.[6] پاشان هیتلەر لەگەڵ خێزانەکەیدا رویکردۆتە (لیوندنگ) کە ناوچەیەکی بچووکە لە دەوروبەری شاری (لیتز)ی رۆژئاوای ڤییەننا لەوێ پەیوەندی کردووە بە قوتابخانەوەو خوێندنی ئامادەیی لەوێ تەواو کردووە، دواتر پەیوەندی کردووە بە قوتابخانەی دواناوەندی لە ڤییەنناو قوتابخانەی ئادابو هونەری هەڵبژاردوە کە ئەمەش بە پێچەوانەی خواستی باوکی بوو، کاتێك باوکی مرد هیتلەر ناچار بوو رووبکاتە قوتابخانەی دواناوەندی لە شاری(شتیر) کە

---

(١)هشام خضر: المصدر السابق، ص١٨.

(٢)نقلاً عن الحسيني الحسيني معدى :المصدر السابق، ص.16.

(٣)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل27-26.

(٤)عبدالهادي محمد مسعود: هتلر و موسوليني بين السياسة و الدين، مطبعة احمد، بدون سنة و مكان الطبع، ص٢٣، ٢٤.

(٥)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل27.

(٦)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل15.

تایبەت بوو بە تورازی ئەندازیاری بیناکاری ئەمەش وای لە هیتلەر کرد سەرسام بێتو دوای ئەوەی چیتر لە باوکی نزیك نەبوو بەسەربەستی وێنەی زۆرێك لە دیمەنە سەرنج راکێشە دەریایەکان بکێشێت.[١]

هیتلەر لەتەمەنی سیازدە ساڵیدا لە خوێندن کشایەوە بێ ئەوەی دواناوەندی تەواو بکاتو وردە وردە لە هاوپۆلەکانی سەردەمی منداڵی دوورکەوتەوە، چونکە ژیانی پڕئازاری قوتابخانەیان بیردەهێنایەوە، بەڵام دواتر لەبەر تەواونەکردنی خوێندنی، سەرزەنیشتی مامۆستاکانی دەکردو لەم بارەیەوە دەیووت: زۆربەی مامۆستاو فێرکارەکان بەدەست بارودۆخی دەروونیو بزێویەوە لەچەرمەسەریدا بوون، یەك مامۆستای هەبوو خۆشی دەویست ئەویشت (دکتۆر لیۆپۆڵد پۆیتش) بوو کە لەم بارەیەوە دەڵێ تاکە مامۆستایەك بوو هەر لە رۆژگارەکانی سەرەتایی قوتابخانەوە کاری کردە سەر ژیانم ئەو بوو مێژووی لا خۆشەویست کردم، لەو مامۆستایەوە ئەدۆڵفی گەنج حەماسەتو هەستی نیشتمانی وەرگرتو رق هەڵگرتنی بەرامبەر فەرمانڕەواکانی نیشتمانەکەی (بنەماڵەی هابسبۆرگ) بۆ دروست بوو، چونکە هەستی نیشتمانی ئەڵمانیایان لەدەستدا بوو.[٢]

هیتلەر لە قوتابخانەی گوندە بچوکەکەیاندا کەسێکی نادیارو نەناس یاخود خوێندکارێکی هێمن نەبوو، بەڵکو وەکو مامۆستاکانی دەڵێن: یەکێك بوو لە قوتابیە ژیرەکان، بە خێرایی کۆششی دەکردو بەخێراییش لەو وانانە حاڵی دەبوو کە مامۆستاکانی پێیان دەگوتەوە، بەڵام کەللە رەقو سەرنج راکێش بوو بەخۆیەوە دەنازیو لە قوتابخانە ببوە سەرۆكو رابەری خوێندکارەکانو دەستی بەسەر یاریو کاروبارەکانیدا گرتبوو، تیمێکی چەکدار هەڵبەت چەکدار بە کوتەكو داری لێ دروست کردبوونو بەسەر دوو سوپادا دابەشی کردبوون سوپایەکیان نوێنەرایەتی فەرەنسای دەکردو ئەوی تریان نوێنەرایەتی ئەڵمانیای دەکرد، هیتلەر خۆی سوپای ئەڵمانیەکەی رێبەرایەتی دەکرد کە هەمیشە بەسەر سوپا فەرەنسیەکەدا سەردەکەوتو شەڕەکەی دەبردەوە.[٣] هەروەها لەگەڵ هاوڕێکانیدا یاری سەربازو هندیە سورەکانی دەکردو هەمیشە دەچووە ریزی هندیە سورەکانەوەو چەقۆو خەنجەری بەنهێنی دەبردە قوتابخانە بۆ فرۆشتنو سەرکردەی تۆکمەی ئەو یاریانە بوو.[٤] هیتلەر نموونەی خوێندکارێکی یاخیو نیگەران بووە نەك ئارامو لەسەرخۆو زۆر تامەزرۆی پەیوەندیکردن بووە بەو هاوڕێیانەیەوە کە لە تەمەن لە خۆی گەورەتر بوون تا بەشداری یاریو گەمەو ئارەزووەکانیان بکاتو هەوڵبدات جڵەویان بکات، بۆ نموونە هانی ئەوەیان بدات کە بچن بۆ دەوروبەری دێیەکەیانو لەوێ چەند کاتژمێرێکی دورو درێژ لەگەمەو یاریو سەرکەوتن بەسەر دارو درەختو راوەدونانی ئاژەڵە جۆراوجۆرەکاندا بەسەر ببەن، شادومان دەبوو کە قسە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بکاتو بەدەنگە بەرزو توندەکەی بیاندوێنێو دەربارەی ئەو بابەتانەی کەلەسەریان ناکۆکی دەکەوتە نێوانیانەوە بۆچوونی خۆی رونبکاتەوە بۆیان. وێڕای ئەوەی خاوەن مەزاجێك بوو خێرا دەگۆڕا، جارێك تورە جارێك ئارامو شێنەیی بوو، تاوێك ئاژاوە گێڕبوو، تاوێکیش رۆڵی دیکتاتۆرێکی دەبینی بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارانەی کە خۆی دەیویست جێبەجێیان بکات.[٥]

(١)فريد الفالوجي :المصدر السابق، ص16.

(٢)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل19-18.

(٣)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل54.

(٤)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل15.

(٥)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل56.

سەرەڕای ئەو سەرکەشیانەی کەچی هیتلەر پێنج ساڵەی سەرەتایی بە نایاب تۆمارکرد.[١] ئەو وانانەی کە هیتلەر حەزی لێیان بوو بریتی بوو لە پەروەردەی هونەریو وەرزشیو مێژوو، ئەو وانانەشی کە رقی لێدەبووەوە لیستێکی درێژ بوو لەسەروو هەموویانەوە بیرکاریو زمانی ئەڵمانیو کیمیاو فیزیاو ئایینو تایپکردن بوو لەسەر ئامێری چاپ.[٢]

سەبارەت بە خەڵکی ئەو گوندانەش کە هیتلەرو خێزانەکەی لەتەمەنی لاوێتیو منداڵیدا سەردانیان کردووە، بەشێوەیەکی تایبەت تەماشای هیتلەر دەکەن وەکو لاوێکی بێکەڵك سەیریان دەکرد، کە چاوەڕوانی هیچ چاکەو باشەیەکی لێناکرێتو هەموو خەمێکی ئەو بەدخوکردنی هاوڕێکانی بووە، بۆ ئەوەی نەچن بەلای خوێندنو کۆشش نەکەنو بەدەستی ئەنقەست فێری ژیانو گوزەرانی گەمەو رابواردنو یاریکردنیان دەکات.[٣] تەنانەت هیتلەر بەبێ کتێبو کوراسەی خوێندن ئامادەی قوتابخانە دەبوو، هەمیشە لەکاتی چوونە ژورەوەی پۆلدا دوادەکەوتو واپێدەچوو توڕەو بێزار بێت لە مامۆستاکانی.[٤] رۆژێك لەناو کتێبخانەکەی باوکیدا هەندێك کتێبی مێژوویی بەرچاوکەوت ئیدی لەناو ئەو کتێبانەدا دوو بەرگی دەربارەی مێژووی جەنگی حەفتا ساڵەی هەڵبژاردو بە پەرۆشیەکەوە دەستیکرد بە خوێندنەوەو لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ دەرەوەی گوندەکەیانو لەوێ بە تەنیا لە دارستانەکانو دوور لە خەڵکی دەیخوێندەوە.[٥] ئەم شەڕانەو خوێندنەوەی ئەو کتێبە سەربازیانە گیانی خەباتو نەتەوەپەرستییان لەناخو دەروونی ئەم لاوەدا بوژاندەوە.

مستەفا کەمالیش سەرەتا پەیوەندی کردووە بە قوتابخانەیەکی ئاینیەوە کەسەر بە یەکێك لە مزگەوتەکانی شاری سالۆنیك بوو، بەڵام ئەم منداڵە بچووکە سروشتێکی دڕندانەی هەبوو خوێندنی ئایینیو لەبەر کردنی قورئانی رەتدەکردەوە، ئەمەش وایلێکرد دایکی بیخاتە قوتابخانەیەکی مەدەنی بەناوی شەمسی ئەفەندی. مستەفا لە قوتابخانە تازەکەدا سەرکەوتو ئەم سەرکەوتنەی ببوە جێگەی سەرنج راکێشانی مامۆستاکانیو ئیرەیی پێبردنی هاوڕێکانی.[٦] لەتەمەنی حەوت ساڵیدا چووەتە خوێندنگەی(شەمسی ئەفەندی) ئەو خوێندنگەیەی مستەفا کەمال تێیدا خوێندوویەتی، خوێندنگەیەکی بەکۆمەڵ بووە لەلایەن جولەکەکانی (کاباليستەوە) کرابۆوە، شەمسی ئەفەندیش سەرکردەیەکی ئایینی سەر بە جولەکە بووە، چونکە بەشێك لە تایەفەی مستەفا کەمال جولەکە بووە کە ئەو سەردەمە لە سالۆنێك نزیکەی (180) هەزار کەس تیایدا ژیاونو نزیکەی (80) هەزاریان جولەکە بوون.[٧] پاش ئەوەی دایکی نەیتوانی تێچوونی خوێندنەکەی بگرێتە ئەستۆ بەوهۆیەوە کێشەی لەگەڵ دایكو براکەیدا زیادی کردو هەڕەشەی بەجێهێشتنی ماڵی دەکرد گەر نەیخەنە قوتابخانەیەکی باشەوە لە سالۆنیك، لەبەر ئەوەی خاڵی هەژار بوو نەیدەتوانی خەرجی خوێندنەکەی

(١)لويس ل .سنيدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل15.

(٢)فريد الفالوجي: المصدر السابق، ص١٧.

(٣)دەستەیەك: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

(٤)فريد الفالوجي :المصدر السابق، ص18.

(٥)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل57.

(٦)منصور عبدالحكيم :المصدر السابق، ص117.

(٧)رازاو محەمەد :ئەو تورکانەی بەرەچەڵەك تورك نین، گۆڤاری( دۆسیەی تورکیا)، ژ(4)، سلێمانی، تشرینی دووەمی2006 ، ل115، 116.

بگرێتە ئەستۆ، بۆیە دایکی داوای قەرزی لە خوشکێکی کرد کە دەوڵەمەند بوو بۆ ئەوەی خوێندنی تەواو بکات، بەوهۆیەوە گەڕاوەتەوە بۆ سالۆنیكو پەیوەندی بەیەکێك لەو قوتابخانانەوە کردوە کە ئاستێکی بەرزی هەبوو.[1] مستەفا کەمال لە قوتابخانە کەسایەتیەکی شەڕانی بوو، تەنانەت ڕۆژێك بەخۆی کتێبو دەفتەرو قەڵەمەکانیەوە بە گیانی خوێناویەوە گەڕاوەتە ماڵەوە، ئەم دیمەنە زۆر جار دووبارە دەبۆیە بەهۆی بەشەڕهاتنی لەگەڵ هاوڕێکانیدا، بەڵام ئەمجارەیان ترسناك تربوو کاریگەری پڕمەترسی لەسەر پاشەڕۆژی هەبوو، بەهۆی بەشەڕهاتنی لەگەڵ کۆمەڵێك منداڵو تۆڵەی خۆیان لێکردبۆوە، لەوکاتەدا بەڕیوەبەری قوتابخانەکە ناوبژیوانیان دەکات، بەڵام مستەفا پێلەقەیەك لە بەڕێوبەرەکە دەدات، ئەمەش بووە هۆی دەرکردنی لە قوتابخانە، لەبەرامبەر ئەم بارودۆخەدا مستەفا کەمال ببوە سەرچاوەی کێشەو ماندوو بوون بۆ دایکیو براکەی، بۆیە دواجار پورەکەی بیری لەوە کردەوە کە بیخاتە قوتابخانەیەکی سەربازی بەخۆڕایی لە سالۆنیك.[2] لە تەمەنی دوازدەساڵیداو بەبێ ئەوەی دایکی ئاگادار بێت، بەشداریکردووە لە ئەزموونەکانی وەرگیران لە ئامادەیی سەربازیو سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، دوای شەش ساڵ خوێندن لە کۆلێژی سەربازی قوستەنتینیە بە پلەی مولازمی دەرچووە.[3] لە ساڵی(١٨٩٣) لە سالۆنیك چووەتە قوتابخانەیەکی جەنگیەوە بە نێوی قوتابخانەی (روشدیەی سەربازی)، لەو قوتابخانەیەدا بە حەماسەتەوە دەستی کردوە بە خوێندن تا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێناوە، بەجۆرێك سەرسامی مامۆستاکانی بەدەستهێناو پلەیان بەرزکردەوە بۆ پلەی خوێندکاری مامۆستاو داوایان لێکرد کە سەرپەرشتی هەندێك لە وانەکان بکات کە بە خوێندکارە بچوکە تازەکانی دەوتەوە، لێرەوە بۆ یەکەمجار دەرفەتی دەست بەسەرداگرتنو دەرکردنی فەرمانی بۆ هەڵکەوت، لە کۆتایی ساڵی دووەمدا لە نێو سەرجەم دەرچووەکاندا نمرەکانی یەکەم بوو. وناوی لەسەر تابلۆی شەرەف (لائحە) هەڵواسراو نێردرا بۆ قوتابخانەی سەربازی باڵا لە (موناستیر) لە مەکدۆنیا.[4] مستەفا کەمال کۆلێژی سەربازی لە ئەستەمبول تەواو کردوو هەر لەو کۆلێژەدا ئارەزووی چۆنیەتی ووتاردانی لاپەیدا بووەو خۆی لە سیاسەتدا هەڵقورتاندووە، لەتەمەنی (٢٧) ساڵیدا لە کۆلێژی سەربازی ووتاری دەداو باسی لە گەندەڵیەکانی سوڵتان دەکرد، بەو هۆیەوە لە(١٩٠٤)دا دورخراوەتەوە بۆ دیمەشقو دواتر وەك ئەفسەرێك لە شۆڕشی (تورکیای لاو)دا بەشداریکردووە.[5]

سەدامیش لە تەمەنی (١٠)ساڵیدا چۆتە قوتابخانەو لەتەمەنی(١٦)ساڵیدا خولی یەکەمی قوتابخانەی تەواو کردو حەزی دەکرد وەکو خاڵی خوێندنی خۆی لە سوپادا تەواو بکات، بەڵام ئاستی دەرچوونی زۆر لەوە لاوازتربوو کە بتوانێ بچێتە قوتابخانەی سەربازیو بە ناچاری وازی لە خوێندن هێنا.[6] هەرچەندە سەدام بەردەوام بوو لە هەوڵدان بۆ خوێندن بەڵام هەموو هەوڵەکانی شکستیان هێنا لە رازی کردنی خێزانەکەی تا یارمەتی بدەن لە بەدیهێنانی خەونە گەورەکەی ئەویش پەیوەندی کردن بوو بە قوتابخانەوە، بۆیە بڕیاریدا تکریت

(١)منصور عبدالحكيم :المصدر السابق، ص١٢١.

(٢)مصطفى الزين: ذئب الاناضول، لندن، ١٩٩١، ص٢٠.

(٣)تۆیل باربەر :فەرمانرەوایانی قۆچی زێرین، و /رێبوار کەریم وەلی، هەولێر، 2001 ، ل229.

(٤) حنا مينا مطر: اتاتورك بطل الشرق مصطفى كمال باشا انتصارات الاتراك في الاناضول وغيرها، مصر، بدون سنة الطبع، ص ٢٥" منصور عبدالحكيم :المصدر السابق، ل123.

(٥)یاسین صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

(٦)LAURIE MYLROIE،JUDIT MILLER : سەرچاوەی پێشوو، ل39.

بەجێبهێڵێو رووبكاتە بەغداد، سەدام دەیویست ئەوە بسەلمێنێت كە ئامانجی لەو بڕیارە بەپلەی یەكەم خوێندن بووە، بەڵام لە راستیدا ئەو پاڵنەرەی كە وای لێكرد بچێتە بەغداد راكردن بوو لەدەست مامی كە فشاری دەخستە سەری بۆ ئەوەی لە بواری تاواندا كاربكات، هەروەها هەوڵدان بوو بۆ دەرچوون لەو بارودۆخە خراپە دەرونیەی كە دەستیگرتبوو بەسەریدا.[١] خانەوادەكەی سەدام دەیانویست ببێتە جوتیار چونكە پێیان وابوو ئەو ئارەزووی لە خوێندنی فەرمی نیە، بەڵام سەدام كاتێك چاوی بە كوڕە خاڵەكەی كەوت كە لەو بچوكتر بوو بەناوی (عەدنان)، ئیدی گرنگی بە بیرۆكەی چونە قوتابخانەدا. ساڵی (1947)سەدام كەوتبووە ژێر كاریگەری ئەو قسەیەی كە كوڕە خاڵە گەنجەكەی پێیگوتبوو گوایە بڕیاریداوە لەگەڵیدا بچێتە تكریتو بەیەكەوە لە قوتابخانەی گوندەكە دەوام بكەن، ئەمەش بەپێی گێڕانەوە فەرمیەكان یەكەم كاری سەرچڵی سەدام بوو، خێزانەكەی بەردەوام بڕوایان وابوو كە خوێندن بۆ كوڕە سەركێشەكەیان كات بەفیڕۆدانە.[٢] خەیروڵا باوكی پەروەردەكاری سەدام ئامادەباشی خۆی نیشاندا تاكو یارمەتی بدات بۆ وەدەستهێنانی خوێندنی گونجاو، سەبجەی خوشكیشی بە پەرۆشەوە ئەو كارەی قبوڵ كرد.[٣]

لە ساڵی (1945)لە تكریتەوە دەچێتە بەغداد بۆ لای خاڵی (خیرالله تلفاح)، لە سەرەتای ساڵی(1955)دا توانیویەتی خوێندنی ئامادەیی تەواو بكات.[٤] لانی كەم لەسەرەتادا خوێندنی سەدام تاقیكردنەوەیەكی بەچێژ نەبوو، بۆ منالێكی دڵڕەقی شەقام، بگرە دڕندە، كە لە گوندێكی زۆر هەژارەوە هاتبێ كە تەنانەت نەیدەتوانی پیتەكانی ناوی خۆشی دەرخ بكات، سەدام بەهۆی گاڵتەپێكردنو هێرشكردنەسەری لە قوتابخانە دووچاری گەڵێ برینی كاریگەری دەروونی بوو، رەنگە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەمیشە ئامادە بووبێ بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ شەڕانگێزی، گومانی تێدانیە كە شەری لەگەڵ منداڵەكانی دیكەدا كردووە، هەندێ برینی منداڵی كاریگەریەكی قوڵیان لەژیانی كامڵبوندا هەیە، بۆیە دەبوایە بگەڕێتەوە بۆ تكریت تاكو تۆڵەی خۆی بەزۆر لەوانە بكاتەوە كە ئازاریان دابوو.[٥] پاش ئەوەی لە ساڵی( ١٩٥٦) پەیوەندی بە پارتی بەعسەوە كرد، ولە (1959 /10 /7 ) بەشداری لە هەوڵی تیرۆر كردنی عبدالكریم قاسمدا كردووە،[٦] لە كاتی بەئەنجام گەیاندنی پلانی تیرۆركردنی قاسمدا گوللەیەك بەر پێی چەپی دەكەوێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەتوانێت رابكاتو دوای گەشتێكی پڕ لە مەترسی بۆ ماوەی چوار مانگ لە دیمەشق نیشتەجێ دەبێتو دواتر چووەتە قاهیرەو لەوێ خوێندنی ناوەندی تەواو دەكاتو دواتر چۆتە كۆلێژی ماف لە زانكۆی قاهیرە.[٧] ولەوێ پەیوەندی كردووە بە ریزەكانی پارتی بەعسەوەو

(١)احمد الشایب: دكتاتور علی طریقة الشاكو ماكو، ط١، بدون مكان الطبع، ١٩٩٠، ص١٠١– ١٠٣.

(٢)انیس الدغیدی: الحیاة السریة لصدام حسین من القصور الی الجحور، دمشق، ٢٠٠٤، ص٢٥٠– ٢٠١" كۆن كۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل40.

(٣)خلیل دلیمی: صدام حسین لە گرتوخانەی ئەمریكیدا ئەوەی كە روویدا، بیرەوەریەكانی خلیل دلێمی لەگەڵ سەدام حوسێندا، و/ شەماڵ محەمەد، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٤٠" كۆن كۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

(٤)عبدالوهاب الكیالي(الدكتور) :موسوعة السیاسة، الجزء الثالث، ص627" انیس الدغیدی: الحیاة السریة لصدام، ص٢٥٢.

(٥)كۆن كۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل41.

(٦)انیس الدغیدي: الحكام العرب كیف وصلوا للسلطة، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٢٨٢، ٢٨٣.

(٧)عبدالوهاب الكیالي :موسوعة السیاسة، الجزء الثالث، ص627.

وەك ئەندام هەڵبژێردراوە.[1] دەوڵەتی میسر مانگانەیەکی کەمی بۆ سەدام دیاری کردبوو، بەکەڵك وەرگرتن لەو دەرفەتە درێژەی بە خوێندنی ئامادەیی داو لەتەمەنی (24) ساڵیدا کۆتایی پێهێنا، سەدام پاش کۆتایی هێنان بە خویندنی ئامادەیی لە ساڵی(1961) دا لە کۆلێژی ماف لە قاهیرە ناوی خۆی تۆمارکرد، بەڵام نەیتوانی تاپلەی بەکالیۆریۆس درێژە بە خوێندنی بدات، لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی (1970)کۆلێژی ماف لە بەغدا پلەیەکی شانازی بە سەدام بەخشی کە دووەم پیاوی وولات بوو.[2] لە ماوەی مانەوەی لە قاهیرە توانی پەیوەندی بکات بە خوێندنی دواناوەندیەوە بەو پێیەی کە بڕوانامەی ناوەندی هەیە، بەبێ هیچ کیتابێکی فەرمیو بڕوانامەیەك، بەڵام لێرەدا نوسەر ئاماژە بەوە دەکات کە خۆی لێکۆڵینەوەی کردووە لە تۆماری دەرچوانی ناوەندیو ناوی سەدامی تێدا نەبووە، لەوە دەچێ لە پۆلی دووی ناوەندی دەرنەچووبێت، هەروەها هیچ بەڵگەیەکی نەدۆزیوەتەوە لەسەر پەیوەندی کردنی بە کۆلێژی مافەوە لە زانکۆی قاهیرە، وەك خۆی بانگەشەی بۆ کردووە، جگە لەوە باس لەوە دەکرێ لەکاتی نیشتەجێبوونی لە قاهیرە لەسەر بابەتی تلیاك گیراوە بەڵام ئەم مەسەلەیە بە بڕیاری دەسەڵاتدارانی میسر پارێزراوە.[3] گێڕانەوەکان وەك منداڵێکی بە جورئەت وێنایان کردووە کە هەوڵیداوە ئەو هاوڕێیانەی کە خوێندنیان لەو باشتر بووە بە نوکتەی واقیعی سەرسورماو بکا، وەك ئاوێزانی مامۆستا پیرەکەی ماددەی قورئان بەدەست لە ملانێیەکی دۆستانەی درۆزن، دواتر مار خستنە ناو جلەکانی، ئەو شتە دەگمەنەی کە لە هەمووان دیارترە دەربارەی ڕەوشتی سەدام لە قوتابخانە ئەوەیە کە یەکێك لە هاوسەردەمانی خۆی گێراویەتیەوە دەڵێ:" بەڕێوبەرەکەمان پێیوتم کە دەیەوێ سەدام لە قوتابخانە دەرکا، کە سەدام گوێی لەو بڕیارە بوو هاتە ژوورەکەی بەڕێوبەر، هەڕەشەی کوشتنی لێکرد، پێی ووت :ئەگەر ئەو هەڕەشەیەت دژی من بەدەرکردنم لە قوتابخانە نەکێشیتەوە دەتکوژم، هەڕەشەی دەرکردنەکە بە هێمنی لابرا".[4] لە نێو سەرکردەکاندا تەنیا سەدام نەخراوەتە ژێر پەروەردەی راستەخۆی سەربازیەوە،کەچی فەرمانبەرانی پروپاگەندەی رژێمی عێراق بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەم کەمو کورتیە رایاندەگەیاند کە ئەو لە سەرەتای مناڵیەوە زۆر حەزی لە تیر هاوێژی بووەو بنەماکانی پەروەردەی سەربازی لەسەرەتای لاویدا فێربووە.[5]

بێگومان یەکێك لەو هۆکارە راستەوخۆیانەی کە کاریگەری لەسەر پێکهاتەی مرۆڤ دادەنێتو رەنگدانەوەی راستەوخۆی هەیە لەسەر ژیانو کەسایەتی مرۆڤ، بریتیە لە پەروەردە، بەتایبەتی قۆناغەکانی سەرەتای پەروەردەی مرۆڤ کەلە خێزانەوە دەست پێدەکات، ئەو پەروەردەیە سەرەتای فێرکردنی هەڵسوکەوتو مامەڵە کردنە لە نێو قوتابخانەو کۆمەڵگەدا، بەڵام بەهۆی بێبەشبوونی ئەم کەسایەتیانە لە پەروەردەکردنێکی دروستی خێزانی، لە نێو قوتابخانەدا دووچاری گرفتێکی گەورەی کردوونو هەڵسوکەوتیان لە گەڵ هاوەڵو

---

(١)یاسین رضوی(الدکتور): الخائن قصة ام الهزائم، بدون سنة و مکان الطبع، ص21.

(٢) LAURIE MYLROIE،JUDIT MILLER : سەرضاوەی ثیَشوو، ل٤٣" انیس الدغیدي: الحکام العرب کیف وصلوا للسلطة، ص٢٨٣.

(٣) نقلاً عن احمد الشایب :المصدر السابق، ص108.

(٤) وەرگیراوە لە کۆن کۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل42.

(٥) LAURIE MYLROIE،JUDIT MILLER : سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

مامۆستاكانياندا نەشياو بووە. بەمەش دووچاری گرێیەكی تری دەروونی بوون كە خۆی لەپەروەردەو فێركردندا دەبینێتەوە.

### ٣- لەرووی ئابوریەوە-:

هیچ كەس لەو بڕوایەدا نەبوو كە گەنجێك لە خێزانێكی هەژارو كەم دەستو نەدار كە دەینالاند بەدەست غەریبیو دوورە وولاتیەوە، ڕۆژێك لە ڕۆژان ببێتە دەسەلاتداری ڕەهای ئیتالیا، باوكی مۆسۆلینی كە لە بنەماڵەیەكی هەژارو جوتیاری هەرێمی ڕۆمانیای ئیتالیابوو.[١] مۆسۆلینی لە شارۆچكەی ( فارنۆ دی كوستا) لەدایك بووە، كە دێیەكی بچووكی كۆنە دەكەوێتە چوارچێوەی ناحیەی (برایدابیو) لە پارێزگای ڕۆمانیا، مۆسۆلینی لەگەڵ دایكو باوكیدا لە خانوویەكی زۆر سادەدا لە گوندی دۆفیا لە نزیك بریدانو دەژیان، دایكی یەكێ لە ژوورەكانی ماڵەكەی وەك قوتابخانە بەكاردەهێناو لە ڕۆژدا وانەی تیادا دەوتەوە باوكیشی وەك كۆگا لە كاتی پشووی هاویندا بەكاریدەهێنا مۆسۆلینی لەگەڵ براكەیدا ئەرنالدۆ لە ژوورێكدا بوون كە وەك چێشتخانەو كۆگای دار بەكاردەهات.[٢] لەمناڵیدا لە كوخێكدا دەژیا لەگەڵ خێزانەكەیدا كە پڕبوو لە خراپەو دڵڕەقیو وشكیو زبری ئەم كوخە لە دوو ژوور پێك هاتبوو، مۆسۆلینیو براكەی لە چێشتخانەكە بەتەنیشت یەكەوە دەنوستن، زۆری نەبرد مۆسۆلینی لەگەڵ باوكیدا لە نێو وەرشەی ئاسنگەریدا بۆ یارمەتیدانیان تێكەڵ بە كاركردن بووە.[٣] تەنانەت هەندێك لە توێژەرەوان هۆكاری لادانو توندو تیژی مۆسۆلینی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو توڕەییو ڕقە كپ كراوەی كە هەیبوە بەرامبەر بەو جیاوازیەی نێوان خۆیو هاوڕێ دەوڵەمەندەكانی.[٤]

ژیان لەچاوی مۆسۆلینی مناڵەوە دوربوو لە نەرمیو خۆشگوزەرانی تەنانەت خێزانەكەی نەیدەتوانی خۆشترین خواردنیان بۆ دابین بكەن، وەك ئەوەی لە قەدەغەكراوەكان بێت، قاپێ سەوزە لەگەڵ هەندێك دەنكە سیری دەشتیو پاقلەو نانی ووشك لە گرنگترین ژەمەكانی خواردن بوون كە ئەم خێزانە پشتیان پێ دەبەست، بێگومان ئەم گەورە بوونە سادەیە كاریگەری لەسەر دروست بوونی مۆسۆلینی هەبوو كەبەدەست برسێتیو بێبەشیەوە دەینالاند، تەنانەت جلەكانی زۆر پەرپوتو شرۆڵ بوون كە مایەی بەزەیی بوو.[٥] بارودۆخی خراپی ژیان هێندەی تر موسولینی مندالی پەرێشان كردبوو، هەروەك خۆی ئاماژەی پێكردووە برسێتی هێندەی زیندانو دوژمن ماندویانكردووە، مانگانەی دایكی تەنها ٥٠ لیرە بووە كە لە ڕێگەی مامۆستایەتیەوە بەدەستی هێناوە، باوكیشی ئاسنگەرێكی سادە بووە بۆیە تاڕادەیەك گۆشت لە ژەمەكانی خواردنیاندا نەبووە.[٦] هەروەها ئاماژەی بەوە كردووە كە ژیانیان هێندە ناخۆش بووە خەڵكی نانو زەیتو خوێیان بە قەرز داونەتێ.[٧] ئەم بارودۆخە ململانێیەكی دەرونی لای مۆسۆلینی دروست كردبوو زۆر ڕقی لە دەوڵەمەندەكان دەبۆوە، تەنانەت

---

(١)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

(٢)الحسيني الحسيني معدى :المصدر السابق، ص15.

(٣)هشام خضر :المصدر السابق، ص11.

(٤)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل26.

(٥)هشام خضر :المصدر السابق، ص12.

(٦)بنيتو موسوليني: خواطر زعيم، ت/ صبحي وحيدة، دار المجلتي، القاهرة، بدون سنة الطبع، ص٧٤.

(٧)عبدالهادي محمد مسعود: المصدر السابق، ص٢٤.

مۆسۆلینی لەبەر ئەوە رقی لە قوتابخانە دەبووەوە بەهۆی ئەو جیاوازیەی هەیبوو لەگەڵ قوتابیەکانی تردا، وەك جلو بەرگو خواردنو خەرجی قوتابیەکان، ئەویش برسیو بێ پول بوو، بۆیە ئەمە پاڵی پێوەنا بگەڕێت بەدوای شوێنێکداو لەو بارودۆخە ناهەموارە رابکات.[١]

لە شوباتی(1902) مۆسۆلینی وەك مامۆستا لەیەکێك لە گوندە نزیکەکانی دامەزرا، بەڵام ئەو بەنیازی شتێکی زۆر گەورەتر بوو بۆیە لەهەمانساڵدا سەردانی سویسرای کرد، لەوێدا مۆسۆلینی دووچاری ناخۆشی زۆر بوو، برسێتیو کاری جۆراو جۆری وەك وەستای دیوارو شاگردیو قوماش فرۆش وشاگرد لە دوکانی مەی خواردنەوەو کرێکاری کارگەی شکولاتە.[٢] مۆسۆلینی لە بیرەوەریەکانیدا باس لەوە دەکات کە وەك یارمەتیدەرێك کاری کردووە لای قەسابێك بەرامبەر بە کرێیەکی کەم، دواتر بەهۆی کەمی کرێکەیەوە لەگەڵیدا بۆتە کێشەی، ئەوی جێهێشتوەو کارێکی تری دۆزیوەتەوە لەیەکێك لە دوکانەکانی مەی فرۆشی، کارەکەی گەیاندنی مەی بووە بۆ ئەو ماڵانەی داوایان دەکرد، بەڵام لێرەش بەرگەی ئەو ماندوبونەی نەگرتو لەگەڵ خاوەن کارەکەدا بووەتە ناخۆشیان، پاشان بەدوای کارێکی تردا گەڕاوە کە بتوانێ خواستو ئارەزوەکانی پێ پڕبکاتەوە، ئەوەبوو لە نێو کارگەیەکی شکولاتەدا کارێکی دۆزیوەتەوە، کە بریتی بووە لەگەیاندنی پاکەتی شکولاتە بۆ کۆمپانیاو دوکانو ماڵەکان، بەڵام لەسەر ئەم کارەش بەردەوام نەبوو بەهۆی زۆربوونی سکاڵای کرێکارەکان لە دژی، بەهۆی خراپی رەفتاریو درێژی زمانو زبری سروشتی.[٣] پاشتریش لە قاوەخانەیەك لە (نادل جرسون) کاری کردووە، دواتر ئاوارەو دەربەدەر دەبێت تا دواجار ناچار دەبێت لە نێو کارتۆنێکدا بخەوێت لە ژێر پردێکدا لە لۆزان، لە(24 ی یۆلیۆ 1903 ) پۆلیسی سویسرا دەستگیری دەکات بە تۆمەتی سواڵکردنو خەڵەتاندنی پۆلیس، دوای ئەمەش وولاتی سویسرا بەجێدێڵێتو دەگەڕێتەوە ئیتالیا، بەڵام زۆر بەخێرایی لە وولات رادەکاتەوە تا رزگاری بێت لە خزمەتی سەربازی وولاتەکەی، کەچی پاش ئەوەی دەسەڵات وەردەگرێت، دەبێتە کەسێکی زۆر دەمارگیرو سەرسەختو لایەنگری سەربازی.[٤] مۆسۆلینی لەو ماوەیەدا دەڵێت:" خۆی زۆر ماندوو کردووەو فێر بووە چۆن بژیت نزیکەکانی لەو کرێکارانە بوون کە بەرۆشنبیریان دەزانیو لە شاری لۆزان وەك سکرتێری کۆمەڵەی بەنناو کرێکاری پیشە دەستیەکان هەڵیان بژارد، دوای ئەمە توانی وانەی زمانی ئیتالی بڵێتەوەو لە زمانی ئیتالیەوە وەرگێڕان بکات بۆ زمانی فەرەنسی هەروەها پارەی لەسەر ئەو وتارانە وەردەگرت کە دەینوسیو تیایدا بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی سۆسیالیستی ئازادەوە دەخستە روو، لەوێدا هێرشی دەکردە سەر چەوسانەوەی کۆمەڵایەتیو پیاوانی ئایینی بانگەشەی بۆ گەلێکی خۆش بژێو دەکرد.[٥]

(١)هشام خضر :المصدر السابق، ص١٨.

(٢)الحسيني الحسيني معدى :المصدر السابق، ص22.

(٣)هشام خضر :المصدر السابق، ص27.

(٤)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشووو، ل25-24.

(٥)الحسيني الحسيني معدى :المصدر السابق، ص22.

لەبارەی رۆشتنی بۆ سویسرا مۆسۆلینی بە پاسپۆرتێك چۆتە سویسراوە کە ماوەکەی بەسەرچووبوو، بەبێ ئەوەی پیاوانی پاسەوانی سنور تێبینی ئەوە بکەنو پێی بزانن [١] لەم بارەیەوە مۆسۆلینی دەڵێت:" تەمەنم ١٩ ساڵ بوو باوکم لە زیندان بەجێهێشتو چووم بۆ سویسرا، وەك کرێکارێکی سادە هیچ پارەیەکم پێنەبوو، ...گەنجێتیم بەمجۆرە بوو". [٢] کاتێك مۆسۆلینی نیشتەجێ دەبێت لە لۆزان لە کارگەیەکی دروستکردنی پێڵاودا، داوای دەستخستنی بەڵگەنامەی نیشتەجێ بوون دەکات، تا بتوانێت ناوی لە زانکۆدا تۆمار بکات، بەڵام لەبەرامبەردا مۆڵەتی مانەوەی کاتی پێدەدرێت، بەڵام لە (11ی ئەپریلی1904 ) دەستگیر کراوەو خراوەتە زیندانەوە بەهۆی بەکارهێنانی پاسپۆرتی ماوە بەسەرچووەو بۆ ماوەی (6) رۆژ لە زینداندا دەمێنێتەوە پێش ئەوەی بنێردرێتەوە بۆ ئیتاليا.[٣] هەروەك خۆی ئاماژەی پێکردووە دەڵێت:" یازدە جار زیندانی کراوم لە ٤ وولاتی جیاواز، لە برناو، لۆزان، جنێف، تۆرینتۆ، فورلی چەند شوێنێکی تر".[٤]

ساڵی (1909)جارێکی تر دەستگیر کراوە هۆکارەکەشی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە گومانی لێدەکرا هەڵی کوتابێتە سەر بانکێك لە تورنتوو نزیکەی(250) هەزار کرۆنی دزیبێت لەکاتی ئەو قەرەباڵغیە زۆرەی کە بەهۆی سەردانی شای ئەو وولاتەوە بۆ ئەو شارە دروست ببوو، دوای چەند رۆژێك دەسەڵاتدارانی ئەو شارە ئازادیان کردو بڕیاری دورخستنەوەیانداوەو گەڕاوەتەوە بۆ شاری فورلی.[٥] هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە لەسەر کۆمەڵێك پوشی زبر لە ژێر یەکێك لە پردەکان یاخود تەنیشتی بینای توالێتی گشتی لە لۆزان نوستوووە.[٦] لەو ماوەیەدا مۆسۆلینی دووچاری چەندین کێشەو ئاستەنگ ببوو، هەرلەو ماوەیەدا (راتشیلی) کچی خۆشەویستەکەی باوکی ناسی ئیتر لەمە بەدواوە مۆسۆلینی زۆربەی کاتەکانی بۆ کۆکردنەوەی پارە بەسەر دەبرد، تا بتوانێت بەو پارەیە ژیانی هاوسەری دروستبکات، مۆسۆلینی لەمبارەیەوە دەڵێت:" لەم ماوەیەدا هەستام بە پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ راتشیلی لە17 ی ینایر بەبێ هیچ رێو رەسمێکی ئایینیو مەدەنی ئوتێلێکمان بەکرێ گرت بۆ بەسەربردنی مانگی هەنگوینی تیایدا ".[٧] لەو ماوەیەی کە مۆسۆلینی بێ پارە بردیە سەر جارێکیتر سەرەتاکانی لادانەوەو خراپبوونی ژیانی بەدەرکەوتن، لەم دەردەسەریو ناڕەحەتیەدا دژوارترین کاتەکانی لەگەڵ راشیلدا دەبردە سەر لەگەڵ ئەوەی سوێندی بۆ خواردبوو ژیانێکی ئارامو خۆشی بۆ فەراهەم بکات.[٨]

هیتلەریش لە ژینگەیەکی لادێی رەقدا لەدایك بووە، خێزانەکەی لە شاری (ڤالد ڤیرتل)ی باشوری نەمساوە هاتبوون، لەوناوچە کەناریە کە دەورەدراوە بە تەپۆلکە، تێیدا کۆمەڵە جوتیارێکی ماندو بچوك دەژیان،

(١)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل25.

(٢) بنيتو موسوليني: المصدر السابق، ص٧٦.

(٣)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل25.

(٤)بنيتو موسوليني: المصدر السابق، ص٧٧.

(٥)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

(٦)هشام خضر :المصدر السابق، ص29.

(٧) وەرگیراوە لە ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل43-42.

(٨)هەمان سەرچاوە، ل٤٣.

زۆربەیان هەژار بوون پەتاتەیان دەچاندو داریان دەبڕیەوە، هەوڵدان بۆ ژیان لەو زەویەدا سەخت بوو، خەڵوزی ڕوەکیان دروست دەکرد، بۆیە ژیانێکی سەختیان لەو شوێنەدا بەسەر دەبردو سروشتیان لەو شوێنەوە وەرگرتبوو لێبوردەو بەسۆز نەبوون، توند بوون بەپێچەوانەی خەڵکانی دەوروبەریانەوە.[(١)] لەساڵی (1907) سەردانی ڤییەنای کرد، لەوێدا کەسی لە دانیشتوانەکەی نەدەناسیو نە ئیشو کارو نەماڵو جێیەکیشی هەبوو پەنای بۆ ببات، ئەوانەی مێژووی ئەویان نوسیوەتەوە هیچ گومانیان لەوە نەبوو کە هیتلەر لەوکاتەدا تەنها کەمێك پارەی پێبووەو بۆ ئەوەی پاروە نانێکی دەست بکەوێت، دەبوو خێرا کارێك بدۆزێتەوە یاخود لە برساندا بمرێت، بێکار بوو پارەی ئەوەی پێنەبوو کە بتوانێت ژوورێك بەکرێ بگرێتو پاروە نانێك بکڕێت.[(٢)] هیتلەر پێنج ساڵ لە دوای یەك لە نەهامەتیدا ئەژیا، خۆی دەڵێت:" پێنج ساڵ تامی حەسانەوەم نەزانی، پێشان وەك شاگردی بینا ئیشم دەکرد، بۆیەم دەکرد تا برسێتی لە خۆم دووربخەمەوە، برسێتی ببوە هاوڕێم، لێم جیا نەدەبۆوە، کە کتێبێکم دەکڕی دەبوو ئەو ڕۆژە برسی بم، یان ئەگەر بچووما یە بۆ ئاهەنگێکی مۆسیقا یان شانۆگەریەك دەبوو دوو ڕۆژ برسی بم ".[(٣)] سەرەتا پەنای دەبردەبەر پەناگەی جولەکەکانو بەجلو بەرگەکانی خۆیەوە دەنووستو بەدەگمەن سەری چاك دەکردو قژی دەبڕی، تا ئەو کاتەی برسێتی تەنگیان پێهەڵدەچنیو وەکو پەرتەوازەکانی لە نموونەی خۆی لە ریزدا رادەوەستاو چاوەڕوانی وەرگرتنی ئەو بەشە(شۆربا) گشتیەی دەکرد کە بەخۆڕایی بەهەژارانو بێکاران دەدرا، کەس نازانێت لەو ماوەیەشدا دەرۆزەی کردبێت یاخود لەسەر ڕێگاوبانە گشتیەکان دەستی سوالی پان کردبێتەوە، بەڵام ئەوەی کە لێی دڵنیاین ئەوەیە کەلەسەر شەقامەکانو شوێنە گشتیەکانی دانیشتنو باخچەکاندا خەوتووەو ژیانی برسێتیو هەژاریو نەبوونی بەخۆیەوە بینیوە.[(٤)] بەڵام سەرچاوەیەکی دی لەوەسفکردنی ئەم ڕۆژە نالەبارانە لە ژیانی هیتلەردا دەڵێت: چەند ڕۆژێك پێش ئەوەی بچێتە پەناگەی پەرتەوازان بێکارو بێشوێنو ئاوارەی سەر شەقامەکان بووەو جلو بەرگێکی شڕو دڕاوی لەبەردا بوەو ڕوویەکی گرژومۆنی هەبوەو سەروەختێك کە ئاشنای (هانی)ش بووە کە دواتر بۆتە هاوڕێی پرسیاری حاڵو ڕەوشی لێکردووە ئەویش بە سادەیەکی سامناك گوتویەتی:" هیچ ئیشو کارێکم نیەو چەند ڕۆژێکە دەرۆزە دەکەم ".[(٥)] لەبارەی ژیانیەوە هیتلەر دەڵێت:" کە دایکم مرد بەدەستی بەتاڵەوە هاتمە ڤییەننا، ...لەو تەمەنەدا ڕووبەڕووی هەژاری بوومەوە، تاڵی نەبونیم چەشت، سەرەڕای ئەوەی کەلە خێزانێکی بۆرژوازیدا ژیابووم کەوتمە ناو جیهانی بێنەوایانەوە".[(٦)] دەبوو کارێك بدۆزێتەوەو لە برسێتیو گەداکردن دوریبخاتەوە، هەربۆیە شەقامەکانی بە شوێن کارێکدا تەیدەکردو لەکاری کەناسی بەولاوە هیچ ئیشێکی دی دەست نەکەوتو کەوتە بارودۆخێکەوە کە لەگەڵ کرێکارەکاندا دەستی بەکارکردن کردو بە شەوانیش لەبەر ڕۆشنایی مۆمێکدا دەیخوێندەوەو لەسەر پێخەفی دوونەفەری دەنووست، چونکە نەیدەتوانی پێخەفێکی یەك نەفەری بەکرێ بگرێتو تێبینەری کارەکەشی کەسێکی توندو دڵڕەق بوو، هەربۆیە دەبوو هیتلەر پێش خۆرکەوتن لەخەو

(١)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل10.

(٢)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل70،71 .

(٣)ئەدۆڵف هیتلەر: خەباتی من، و/ حەمە صالح محمد گەلاڵی، چاپەمەنی دیلان، ٢٠٠٣، ل٣.

(٤)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل٧١– ٧٢.

(٥)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل72، ٧٣.

(٦)ئەدۆڵف هیتلەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

هەڵسێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دەستپێکردنی ئیشدا لەسەر کارەکەی بێت.[١] لەم بارەیەوە هیتلەر دەڵێت:" وەك هەر ئاوارەیەك کە بەدوای بژێویدا بگەڕێتو بە ئارەقی ناوچەوانی خۆی بژێنێت دەژیام، من ئەو شتانەم پشتگوێ خست کە رێگای ئیشکردن لە خەڵك دەگرن وەك لوتبەرزی، خۆبەکەمزانی، گاڵتە پێکردن، چونکە دڵنیابووم لەوەی کە کارکردن هەرچۆنێك بێت سەربەرزییە".[٢] ئەو کەسانەی کاتی خۆی لە ڤییەننا ناسیویانە وتویانە کە ئەوپەڕی دەربەدەرو بەدبەخت بووە، کڵاوێکی چڵکنو خوارو رەشی لە فرۆشیارێکی هەنگاری کڕی بوو کە بەرگی کۆنی بەکارهێنراوی دەفرۆشت. لەو کاتەدا هیتلەر ژەمی خواردنی رۆژانەی لە فرۆشتنی وێنەیەکی بچوکی رەنگ ئاویدا پەیدا دەکرد، بەزۆری وێنەی تەلارو شەقامەکانی ڤییەننا بوو، وێنە کێشانی کەسەکانی بەلاوە سەخت بوو، هەروەها بەرێکخستنی پروپاگەندەکانی شەقامەکانیش کاری دەکردو بە وێنەکانیش دەچووە قاوەخانەکان بەڵکو بیان فرۆشێتو بە قازانجەکەی نانێك بکرێت.[٣] هانیش لە باسی هیتلەردا دەڵێت:" تەماشایەکی رووخساریم کرد بەئاشکرا سیماکانی برسێتی پێوە دیار بوو، ئیتر ئەو خواردنەی کە هەمبوو لەگەڵیدا کردم بە دوو بەشەوە، ئەویش سوپاسی کردمو دانی بەوەدانا کەلە رۆژی دوێنێوە هیچی نەخواردووە".[٤] لە نۆڤەمبەری(1909) دا هیتلەر بەهۆی بێپارەییەوە ئەو ژوورە کرێ هەرزانەی بەجێهێشت، لەو رۆژە بەدواوە لە قاوەخانەو پارکەکاندا شوێنی خەوتنی ئەبینیەوە، پاشان لە ئوتێلە هەرزانەکانی ڤیەننادا کە دەربەدەرەکان لەبەرامبەر چەند قروشێکی کەمدا لەو شوێنانە دەخەوتن، رۆژانە دەچووە بەشی هەژارەکان، تاکو لەلایەن شوێنە ئایینیو ماڵە خێرومەندەکانەوە ژەمی بەخۆڕایی دەست کەوێت. ولەبەرامبەر پارەیەکی کەمدا هەموو کارە سەیرەکانی کردووە، لەسەر پشتی کەلوپەلی قورسی هەڵگرتووەو لە وێستگەی شەمەندەفەردا حەماڵی کردووە، بەشێوەیەکی گشتی هیتلەر لەکارە گرانەکانی لاشەیی دووری دەگرتو بە خۆی دەوت من لاوازمو نابێ خۆم ماندووبکەم.[٥] پێدەچێت هیتلەر هاوشێوەی مۆسۆلینی زیاد لە کارێکی کردبێتو لەو ئیشە سادانەی کە بە دەست دەکرانو حەزی لێنەدەکردنو پێشیان رانەهاتبوو، وەکو ئیشو کاری پەنجەرە سڕینو پاککردنەوە(کەناسی)و خۆڵ کۆکردنەوەو لابردنی خۆڵو خاشاك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیو کارکردن لە کانەکانو بیناسازیو زۆرجاریش لەگەڵ ئەو کرێکارانەدا کە کاری لەگەڵدا دەکردن یاخود لەگەڵ خودی خاوەن کارەکە خۆیدا دەبووە ناکۆکی کاتێك کە ئاشنای بۆچوونەکانی دەبوونو گوێیان لە وتوێژو قسەکانی دەبوو، ئیدی پێیان دەبووە کەسێکی بێگانەو پەڕگیرو یاخی نەك وەکو ئەوان سۆسیالیست.[٦] گەرچی ماوەیەك لەگەڵ دەربەدەریو نالەباریەکاندا ژیا، بەڵام هیچ کات جگەرەی نەدەکێشاو بەتەمەنیشی نزیکی خواردنەوە نەکەوتووە، رقی لە ڤیەننا دەبویەوە بەڵام بە گەنجی هاتە ناویەوەو بە پیاوێکی پێگەیشتوو تیایدا دەرچوو.[٧]

---

(١)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣– ٧٤.

(٢)ئەدۆڵف هیتلەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

(٣)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل21.

(٤)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل73.

(٥)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل22.

(٦)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل79.

(٧)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل22.

بە بەراورد بە ژیانی ئەوانی تر مستەفا کەمال تارادەیەك ژیانی لەوانی تر باشتربووە بەتایبەتی کە کوڕە تاقانەی ماڵ بووەو نازی کێشراوە، بەڵام ئەویش لە سەختی باری ئابوریو ژیانی نەبونی رزگاری نەبووە. عەلی رەزای باوکی چەند کارێکی کردووە لەوانە ماوەیەك پاسەوانی گومرگ بووە، دواتر داری فرۆشتووە.[١] هەروەها لە سالۆنیك لە ریزی سوپادابووە، بەڵام لەبەر ئەوەی موچەکەی کەمبووە، بۆیە ناچار بووە کاری زیادە بکات، وەك نووسەرێتی لە خەزێنەی قەرزی دەوڵەتی عوسمانی کە تازە دامەزرابوو کاری دەکرد. [٢] بەهۆی خراپی بارودۆخیانەوە عەلی رەزا رویکردۆتە بازرگانی وەك بازرگانی دارو دواتر خوێ بەڵام کەوتۆتە ناو قەرزێکی زۆرەوە کەنەیتوانیوە بیداتەوە. [٣] بەهۆی کەڵەکەبوونی قەرزو دزینی باری دارەکەی لە بازرگانیەکەیدا زیانێکی زۆری کردوە،[٤] دوای ماوەیەك خوو دەداتە شەرابو مەی خواردنەوە مایەپووچ دەبێتو لە خەفەتا لەتەمەنی ٤٧ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات.[٥] مستەفا کەمالو دایکی بەبێ هیچ سەرچاوەیەکی بژێوی بەجێهێشت، بۆیە زبێدەو کوڕەکەیو کچەکەی دەباتە لای براکەی بەناوی حسێن، کە لە کێڵگەکەیدا نزیك سالۆنیك کاری دەکرد. [٦] لە دێیەکەی خاڵی بەرامبەر نیشتەجێبوونی خۆیو خێزانە بچوکەکەی لەوێ کاری دەکرد، بە رۆژ شوانی دەکردو کە دەگەڕایەوە ماڵەوە کاری پاککردنەوەو کاری ماڵەوەشی جێبەجێدەکرد، دواتر دەخەوتو تارۆژی دواترو کۆمەڵێك کاری تر چاوەڕوانی بوو. [٧] مستەفا کەمال دەچێتە لای خاڵیو وەك جوتیارێك ژیانی بەسەر بردووە، بەیانیان پەزو بەرخۆلەکانی ماڵی خاڵی بردووە بۆ لەوەڕگاکانو ئێوارەش دەگەڕایەوە، لەماڵەوەش کاودانی ئاژەڵەکانی دەکرد بەرلەوەی بڕوا بخەوێت، بەم شێوەیە ژیانی پێنەچووە سەر، جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ سالۆنیكو دەچێتە خوێندنگەی سەربازی. [٨]

سەدامیش لە گوندێکی پیسو دواکەوتوودا لەدایك بوەو لەسەردەمی منداڵیدا تامی تاڵیو هەژاریو برسیەتی چەشتووەو گرفتو نەهامەتی زۆری بەسەردا هاتووە، لەساڵەکانی سەرەتای ژیانیدا لە گوندێك ژیاوە کە هیچ جۆرە پێداویستیەکی خۆشگوزەرانی تێدا نەبووەو پاشان چۆتە شارو پاش زنجیرەیەك نەهامەتی وورده وورده قۆناغەکانی پێگەیشتنی بڕیوە.[٩] سەدام ژیانی منداڵی زۆر ناخۆش بووە، ئەو پیاوەی کە بوە یەکێك لە بەهێزترین سەرکردە عەرەبەکانی سەردەمی خۆی، لە گوندێکی هەژارەوە هات، کە دەکەوێتە بەری رۆژئاوای روباری دیجلەو باشوری شاری تکریت، لە خێزانێکی هەژارو لە یەکێك لە ناخۆشترین ناوچەکانی وواڵت لەدایك بوو.[١٠]

(١)عزیز خانکی بك: ترك و اتاتورك، المطبعة المصریة، مصر، بدون سنة الطبع، ص٧٧.

(٢)محمود عبدالرحیم عرفات: المصدر السابق، ص١٢.

(٣) محمد محمد توفیق: کمال اتاتورك، دار الهلال، مصر، ١٩٣٦، ص١٩.

(٤)محمود عبدالرحیم عرفات: المصدر السابق، ص١٤.

(٥)ضابط ترکی سابق: الرجل الصنم مصطفی کمال اتاتورك، حیاة رجل ودولة، ت/ عبدالله عبدالرحمن، عمان، ٢٠١٣، ص٣١.

(٦)محمود عبدالرحیم عرفات: المصدر السابق، ص١٤" حنا مینا مطر: المصدر السابق، ص٢٥" عزیز خانکی بك:المصدر السابق، ص٧٧.

(٧)محمود عبدالرحیم عرفات: المصدر السابق، ص١٤.

(٨)مصطفی الزین: المصدر السابق، ص١٩- ٢٠.

(٩)LAURIE MYLROIE،JUDIT MILLER : سەرچاوەی پێشوو، ل35.

(١٠)کۆن کۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل19.

سەدام لە گوندی عوجە چاوی بەدنیا هەڵهێناوە خێزانەکەی ئەو بەدژواری بژێوی ژیانیان بۆ دابین دەکراو لە منالیدا روبەڕوی چەندین کێشەی دژوار بۆوە، دانیشتوانی گوندی عوجەو لەگەڵ ئەوانیشدا بنەماڵەی سەدام لە خانووی قوڕیندا دەژیانو بۆ سوتەمەنی زستان کەلکیان لە پیسایی ووشك کراوەی ئاژەلان وەردەگرت، شاری تکریت خزمەتگوزاری ئاووکارەبای تێدانەبوو حکومەتی ناوەندیش هیچ گرنگیەکی پێنەدەدا.[١] گوندەکەش بریتیی بوو لە کۆمەڵێك کوخو ماڵی لە قوڕ دروستکراوو خەڵکەکەی لە بارودۆخێکی زۆر نەدارو هەژاریدا گوزەرانیان دەکردو جادەی قیرتاوی لێنەبوو، لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ خاوەن زەوی دەوڵەمەند لە ناوچەکەدا هەبوون، کەچی خودی گوندەکە وشكو برینگ بوو، رێژەی مردنی منالان بەرز بوو.[٢]

ئیبراهیم زبێدی هاوڕێی منالی سەدام بەم جۆرە باسی منالی سەدام ئەکات:"ماڵی ئیبراهیم تەنها یەك ژوور بوو ژووری نوستنو خواردنو میوان، لە شەویشدا لەدەرەوە لەسەر حەسیرێك دەنووستین منو سەدامو عەدنانو بەرزان کە بچووك بوو، ئیبراهیم شەریکی خیراللە تلفاح بوو لە کشتوکاڵدا پارچەیەك زەوی هەبوو هی خیراللە بوو لە کەناری رووبار لە عوجە، خیراللە خاوەن مەکینەیەك بوو کە ئاوی لە رووبارەکەوە هەڵدەکێشا بۆ ئاودانی کشتوکاڵەکە ئیبراهیم بە هەوڵەکانیو پاش پێگەیشتنی بەروبومەکە لە بازار دەیانفرۆشتو قازانجەکەیان بەشدەکرد، حەزیان لە راوی ماسی بوو، دایکی سەبحە زۆر هانی دەداین بۆ ئەو کارە، بەتایبەتی سەدام کە پسپۆڕیەکی لە پێشتری هەبوو لە دانانی بۆمبێکی تایبەتی کە فڕێیدەدایە نێو رووبارەکە بۆ کوشتنی ماسیەکانو دوای تەقینەوەکە دەکەوتنە سەر ئاوەکە، هەرچەندە ئەم هاورێیەتیە بەردەوام باوکمی تورە دەکردو حەزی نەدەکرد هاورێیەتی خەڵکی عوجەو بەتایبەتی سەدام بکەم، و هەمیشە پێی دەوتم گەر وەك ئەو خراپ نەبیتو سەرسەری نەبی ئەوا هاورێیەتی ئەوناکەیت".(٣) بارودۆخەکە لە گوند زۆر ناخۆش بوو، لەوماڵەدا ئاووکارەبا نەبوو، منداڵو ئاژەڵو پەلەوەر بەیەکەوە بوون، بەپێی گێڕانەوەی یەکێك لە نوسەرانی ژیانی تایبەتی سەدام کە (ئەمیر ئەسکەندەرە) دەڵێت دەربارەی رواڵەتەکانی ئەو هەژاریەی سەدام لەسەری گەورە بوو، نەکەوتبووە ژێر کاریگەری خەیالبازی، سەدام وتویەتی کە ئەو هەرگیز منداڵێکی بچووك نەبووە، بەڵکو منداڵێکی خەمۆك بووەو خۆی لە هاوەڵی ئەوانیدی لادەدا، ئەمەش دڵدانەوەیەکە دەربارەی قسەی خۆی کە لەدایك بوونی بۆنەیەکی دڵخۆش کەر نەبووەو لانکەکەی بە گوڵو رەوکی بۆنخۆش نەرازێنراوەتەوە.[٤] سەدام لە دواناوەندی کەرخ وەرگیرا لەوێ لەگەڵ کەسێك بوە هاورێ کە لە خێزانێکی بەرێزو خاوەن پارە بوو ئەویش (محمد دراغ) بوو ئەم پیاوە بەزەیی بە سەدامدا دەهاتوە بۆیە هاوکاری دەرکرد لە هەندی خەرجی وەك چایو قاوە هەندێ پێداویستی تر کە سەدام نەیدەتوانی دابینی بکات، بەڵکو سەدام هەندێك لە قاتەکانی محەمەد دراغی لەبەر دەکرد لەبەر ئەوەی کە خالی جلی بۆنەدەکڕی، یەکەم جار کە خالی جلی بۆ کڕی بردیە لای بازرگانێكو پێی

(١) LAURIE MYLROIE،JUDIT MILLER : سەرچاوەی پێشوو، ل37.

(٢)کۆن کۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل20.

(٣) ابراهیم الزبیدي: صدام حسين كما يتذكره أحد أصدقاء الطفولة وزملاء الدراسة،

http://classic.aawsat.com/details.asp?article=156058&issueno=8863

(٤)کۆن کۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

ووت ئەمە کوڕی خوشکمەو هەتیوە بۆیە بازرگانەکە چاکەتو پانتۆڵێکی بەدیاری پێدا، سەدام لە خوێندندا زیرەك بوو دەیویست سەرکەوتوو بێتو کارێکی هەبێتو خاوەن پارەی خۆی بێتو دواتر واز لە خاڵی بهێنێت.[١] دوای بەندکردنی خەیرۆڵا، سەدام گەڕایەوە کوخە قوڕینەکەی خۆیان لە عۆجە، خێزانە تازەکەی سەبحە خەریکبوو خۆی دەگرت، سەدام ئەو کات هێشتا منداڵ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێشوازیەکی چاکی لێنەکرا، پێدەچێ لەماڵەوە تاڕادەیەك زۆر پشت گوێ خرابێ، جگە لەو گرنگی پێنەدانە دڵڕەقی زڕ باوکەکەی کە ئەگەر لە تەمبەڵی خۆرسکەکەی وەئاگا هاتباوە ناچاری دەکرد لەناو قوردا سەما بکات تاکو تێهەڵدان نەخوا.[٢] زڕباوکەکەی لەگەڵ شەبەقدا بەئاگای دەهێناو بەسەریدا دەینەڕاند:" هەڵسە هەی کوڕی قەحپە بڕۆ مەڕەکان بلەوەڕێنە، سەدام زۆر ڕاشکاو بوو دەربارەی ئەو هەژاریەی کە لە لاویدا دیویەتی زۆر بە سادەییش ئەمەی بۆ یەکێك لە نوسەرانی ژیانی رونکردۆتەوەو دەڵێت:" ئێمە لە ماڵێکی سادەدا دەژیاین".[٣] سەدام لە چونە قوتابخانە بێبەش کرابوو، دەبوایە لە نزیك ماڵەکەیان بەهەندێ کاری پوچ هەڵسێ، دەنێردرا تاکو مریشكو هێلکەی لە کێڵگەکانی دەوروبەر بدزێ، لەئەنجامی ئەوەدا ماوەیەکی لەبنکەی بەندکردنی نەوجەوانان بردەسەر، وەزیرێکی پێشتری عێراق دەیگوت سەبحە زۆر گرنگی بە هاندانی سەدام دەدا بۆ دزی کردن، ئەوان دزی دەکەنو لەهەمان شەودا دەستکەوتەکان دابەش دەکەن، دایکی سەدام ڕاهاتبوو کە خۆی دەستکەوتەکان دابەش بکا، چ گەنم بوایە یان مەڕ یان چەند پارچە زێرو زیوی کەم بوایە.[٤]

هەژاری یەکێکە لە کێشە کۆمەڵایەتیە ترسناکەکان کە تەنها هەرەشە لە کۆمەڵگە ناکات بەڵکو تاكو بەتایبەتی منداڵ دەکەونە بەر مەترسی ئەم دیاردەیەو هەڕەشە لە ئاسایشو جێگیری کۆمەڵگا دەکات، هەژاری هۆکارێکی سەرەکیە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیە دەروونیەکان، وەك لێکۆڵینەوە زانستیەکان ئاماژەیان پێکردووە. بەتایبەتی سەردەمی منالی کە سەرەکیترین قۆناغی گەشەکردنە لە ژیانی مرۆڤدا، بۆیە لە ژێر کاریگەری ئەو ووتەیەی هەژار ئەو کەسەیە کە زۆرترینو خراپترین شێوەکانی مەترسی بەردەکەوێت، ئەم کەسایەتیان ڕووبەڕووی ئەو دۆخە بوونەتەوە، نەك تەنها دەربازبوون لە هەژاری، بەڵکو وەرچەرخانێکی گەورەیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسیاندا دروستکردووە.

## ٤- لە رووی ئایینیەوە-:

ئایین یەکێکە لەو بابەتانەی کە ئەم چوار کەسایەتیە لەیەك خاڵدا کۆدەکاتەوە، هەڵوێستی هەریەك لەو کەسایەتیانە بەرامبەر بە ئایین تاڕادەیەك هەڵوێستێکی دژکاری بووە.

دایکی مۆسۆلینی کاسۆلیکیەکی زۆر دیندار بووە، لەهەمان کاتدا باوکی(ئەلیکساندرۆ) کەسێکی ئاژاوە گێڕو بێ دین بووەو لەبەر ئەوەی پەروەردەی مۆسۆلینی لە ئەستۆی دایکی بووە، بەجۆرێك کاری لەسەر کردو بۆ

---

(١)هایدة العامري: جوانب خفية عن صدام حسين تنشر للمرة الاولى—
http://www.kitabat.com/ar/page/07/03/2013/9540/%D8%AC%D9%88%D8%A7%D9%86%D8%A

(٢)کۆن کۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

(٣)کۆن کۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

(٤)مجدى كامل: من يصنع الطغاة، ص٩١ " کۆن کۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل29.

كەنیسەی برد، بەڵام دواتر بەهۆی زۆری كێشەكانیو نارێك بوونیو زاڵ نەبوون بەسەریدا، ناچار بوو بیخاتە قوتابخانە ناوخۆییەكان، تەنانەت ئەو كەسانەی تاوانبار دەكرد كە سەردانی كەنیسەیان دەكرد. هەرچەندە دایكی جارێكی تر ویستی بیخاتەوە بەر خوێندن لە كەنیسە، بۆ چارەسەركردنو گۆڕینی هەڵسوكەوتو لابردنی ئەو سروشتە توندڕەوییەی، بەڵام سەركەوتوو نەبوو.[١]

مۆسۆلینی لە تەمەنی نۆساڵیدا بوو كە دایكی ویستی بیخاتە قوتابخانەی (فاینیزا)ی پیرۆزی ناوخۆیی، بەڵام لە راستیدا مۆسۆلینی بە گوێ گرتن لە تەراتیلی ئینجیل دڵی تەنگ دەبوو، هەروەها كاتێك دایكی هەموو رۆژانێكی یەك شەممە لەگەڵ خۆیدا بۆ نوێژ كردن دەیبرد بۆ كەنیسە، كە بۆنی بخوری كەنیسەی دەكرد پێی قەڵس دەبوو، بەڵكو لەمە خراپتر مۆسۆلینی حەزی بە بینینی پیاوانی ئایینی نەبوو بە جلە رەشەكەیانەوە هەمیشە پاساوی دەدۆزیەوەو دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی لەكاتی نوێژدا بێتە دەرەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە بە هیچ شێوەیەك بە سرووتە ئاینیەكان ئاسودە نەبووو وازی لە ئازاردانی مناڵانی دێیەكەشی نەدەهێنا، كاتێك هەموو بەیانیەكی یەكشەممە دەڕۆشتن بۆ كەنیسە بەبەردو دار ئازاری دەدان.[٢] بەپێچەوانەی دایكیەوە باوكی كەسێكی بێباوەڕ بوو، تەنانەت باوەڕی بە خوا نەبوو، سەرباری بێباوەڕیەكەشی بۆ نەهێشتنی كێشەكانی مۆسۆلینی لەگەڵ دراوسێكانی، ناچار بوو بینێرێتە قوتابخانەیەكی ناوخۆیی ئایینی.[٣] بۆیە كە تەمەنی گەیشتە نۆساڵی باوكی ناردیە گوندی (فاینزا) لە مەكتەبی (باوكانی سیلیزیان) كە بەڕژێمێكی وورد ناسرابوون، هەرچەندە ئەلساندرۆ دژی كەنیسەی كاسۆلیكی بوو، بەڵام ناچار بوو كە كوڕە كەللەڕەقەكەی رادەستی پیاوانی كەنیسە بكات، بەڵكو سەركەون لەو كارەیاندا كە ئەم تیایدا سەرنەكەوت.[٤] ئەم رق لێبونەوەو دژایەتی كردنی ئایینە تا گەورەش بوو بەردەوام بوو ئەویش لەرێگەی نوسینەكانیەوە. لە ووتارەكانیدا بانگەشەی بۆ دژایەتی كردنی پیاوانی ئایینی دەكرد، هەوڵی نەهێشتنی رۆڵی كەنیسەكانی دەدا بەهۆی مەترسیان لەسەر هزری خەڵكی.[٥] رۆژنامەكانیش مۆسۆلینیان بە (دڕندەی سوری خوێناوی)و (گۆشت خۆری مرۆڤ)و (خۆرەی ئایین) وەسف دەكرد، ئەم ناوانەش لای دانیشتوانی (تۆرینتۆ) زۆر بڵاوبوونو شتێكی ئاسایی نەبوو كە كەسێك هەڵگری ئەو نازناوانەبێت.[٦]

دایكی هیتلەریش خاتونێكی زۆر دیندار بوو، دەیویست كوڕەكەی ببێتە راهیب، بۆیە پێش شەش ساڵی پەیوەندی كرد بە قوتابخانەیەكی دێی (فیشلهام)ی سەرەتایی حكومیەوە، پاشان چووە قوتابخانەی كەنیسەوە لە (لامباش)، بەڵام سەركەشیەكانی هیتلەر كە لاسایی گەورەكانی دەكردەوە لە جگەرە كێشانو ئاگر كردنەوە لە باخچەی كڵێسادا وای كرد راهیبەكان بە ئاشكرا بڵێن تواناى وەرگرتنی ئەو مندالەیان نییە، ئەوەش كۆتایی خەونی دایكی بوو.[٧] هەرچەندە هیتلەر كە گەیشتە دەسەڵات لەبەردەم یاریدەدەرانو راوێژكارە سیاسیەكاندا

(١)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل26،25 .

(٢)هشام خضر :المصدر السابق، ص١٦" الحسینی الحسینی معدی :المصدر السابق، ص16.

(٣)هشام خضر :المصدر السابق، ص١٧.

(٤)الحسینی الحسینی معدی :المصدر السابق، ص16.

(٥)هشام خضر :المصدر السابق، ص40.

(٦)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل42.

(٧)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل15.

دنیای بەسەر کەنیسەدا وێران دەکرد، بەڵام لەبەردەم ئافرەتاندا توزێك لەو هێرشو هەڵمەتانەی کەمدەکردەوەو دەیوت:" کەنیسە بۆ میللەت شتێکی زۆر پێویستە، کەنیسە هۆکارێکی بەهێزو بەتوانایە بۆ ئاسایشو سەقامگیری وولات".(١) هیتلەر مەسیحیەتی وەك بیرۆکەیەکی بێگانەی نامۆ بەسەر روناکبیریو شارستانیەتو رەگەزپەرستانەی ئەڵمانیەکان رەتدەکردەوەو ئەیووت سەردەمەکانی رابردووو زۆر باشتر بوون لەسەردەمی نوێ، چونکە سەردەمەکانی کۆن مەسیحیەتو نەخۆشی زوهەری کۆئەندامی زاوزێیان نەناسیوە. بۆیە سوکایەتی کردنی هیتلەر زۆر سەخت بوو کە بێ رەوشتانە نەخۆشی زوهەری خستۆتە پاڵ مەسیحیەت.(٢) لەمبارەیەوە دەڵێت:" مرۆڤ دەبێت یان مەسیحی بێت یان ئەڵمانی، ناتوانی ئەم دووشتە پێکەوە کۆبکەیتەوە، ئێمە پیاوانێکی ئازادمان دەوێت، کە هەست بکەنو بزانن خوا لە دڵیاندایە".(٣)

هیتلەر وەك دراوێکی دووڕوو دەیڕوانیە مەسیحیەتو بەو جۆرەش مامەڵەی لەگەڵ دەکردو وا تەماشای کەنیسەی دەکرد کە ئامێرێکە لە دەستیدا چۆنی بوێت وای هەڵدەسوڕێنێت، بۆیە هەتا دوا ساتەکانی ژیانی لە کۆڕو دانیشتنەکانیدا کەنیسەی بەهۆکارێکی پێویست بۆ دەوڵەت لەقەڵەم دەدا. چونکە پیاوێکی سیاسی بوو هەستی بە مەترسی هێرشکردنە سەر ئایین دەزانی لەبەرامبەر جەماوەرداو دەیزانی ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی رەسەنە لە ناخی مرۆڤداو هەرچەندە بەرەنگاری بێتەوە ناتوانێت لەناوییبەرێت. بۆیە لەبەرامبەر جەماوەردا دەیووت:" من هێرش ناکەمە سەر ئایین، بەڵکو هێرش دەکەمە سەر پیاوانی ئایین".(٤) هەندێك جار سەرزەنیشتو ریسوایی ئەو کۆڕو لایەنە نەیارانەی دەکرد کە دژی کەنیسە بوون، بەوە باسی دەکرد کە ئەوە تاوانێکە دژی پاشە رۆژی گەل دەکرێت، دەیووت بیروباوەڕی حزبی نازی جێگای کەنیسە ناگرێتەوە، دەربارەی کەنیسە بیروڕایەکی لا دروست ببو دەیوت:" کەنیسە لەگەڵ دەورو زەماندا ئامانجی سیاسی ئیشتراکی نیشتمانی نازی تەبەنی دەکاتو بەهۆی ئەوەوە لە نیشتماندا ئاینێکی حیزبی نوێ لە جیاتی بیروباوەڕی سۆفییە کۆنەکانی سەدەی ناوەڕاست دێتە کایەوە".(٥) هەندێك جاریش دەیوت ئەو دەتوانێ مەسیحیەت لەناوبەرێ بەڵام سەبارەت بە ئەو ئەوە هیچ نرخێکی نیە.(٦) هیتلەر لە ساڵی(1937)دا کە زانی زۆرێك لەدەستو پێوەندو لایەنگرانی بە پێی رێنمایی حزب وازیان لە کەنیسە هێناوەو پشتیان تێکردووە، فەرمانیدا بە گەورە یاریدەدەرانی کە ئەوانیش بچنە پاڵ ئەوانو پشت لە کەنیسە بکەنو دەیوت من خۆم بە تەنها بە ئەندامی کەنیسەی کاسۆلیکی دەمێنمەوە، گەرچی خۆشی هیچ مەبەستو سۆزێکی بەرامبەر بە کەنیسە نەبوو، بەڵکو بەهۆی پلەو پایە گەورەکەیەوە هەتا ئەو رۆژەی خۆی کوشت هەروا مایەوە، بەڵام ئەم هەڵسوکەوتانە هەلپەرستیو رووکەشی کەسێتی هیتلەری بەرجەستە دەکرد.(٧)

---

(١)وەرگیراوە لە مارشاڵ زۆکۆف :بیرەوەریەکانی مارشاڵ زۆکۆف، و /شێخ عەلی شێخ محمەد بەننا، سلێمانی،2009 ، ل51.

(٢)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل117.

(٣)عبدالهادی محمد مسعود: المصدر السابق، ص١٦٧.

(٤)عبدالهادی محمد مسعود: المصدر السابق، ص١٧٠.

(٥)مارشاڵ زۆکۆف :سەرچاوەی پێشوو، ل52.

(٦)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل118.

(٧)مارشاڵ زۆکۆف :سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

دایکی مستەفا کەمالیش بەهۆی لەدەستدانی سێ منالەکەیەوە زۆر خواپەرست بووەو باوەڕی بەدەسەڵاتی پیاوچاکانو هێزی خەلیفەکان هەبووە، بەپێچەوانەوە مێردەکەی باوەڕی بەو شتانە نەبوو، زیاتر روەو ئەورووپای پێشکەوتوو زانستی نوێ بوو، بیروڕای تەواو لە خوێندنی ئایینی لەدەوڵەتی عوسمانیدا جیاوازبوو.[1] (ئارمسترۆنگ) لەباسی ژیانی مستەفا کەمالدا شایەتی چەند کەسایەتیەکی وەرگرتووە کە باس لە پەیوەندی مستەفا کەمال لەگەڵ ماسۆنیەتدا دەکەن، لەوانە (بینومیشان) دەڵێت:"مستەفا کەمال بەشێوەیەکی فەرمی چۆتە ریزی ماسۆنیەتەوەو چۆتەپاڵ مەحفەلی نیدانا".[2]

مستەفا کەمالیش هاوشێوەی هیتلەر هەڵوێستی بەرامبەر ئایین دوو فاقانە بووە، بۆ نموونە لەسەرەتای دەسەڵاتیدا بایەخێکی زۆری دابوو بە بۆنە ئاینیەیەکان، بۆ دەست برینی خەڵكو لەوتارێکدا باسی ئەمەی کردووە:" بەیارمەتی خوداو لوتفی خودا دەبێ لە پاش تەواوکردنی نوێژی هەینی ئەوسا ئەنجومەنی میللی گەورە لە ئەنقەرە بکرێتەوە، ... کردنەوەی ئەنجومەن لەم رۆژەدا نیشانەی بەرەکەتو پیرۆزی رۆژی هەینیەو دەبێ دوای کردنەوەی ئەنجومەن هەموو ئەندامان لە مزگەوتی حاجی بایرام سوود لەم رۆژە پیرۆزە وەرگرنو لە پاش سلاواتدان لە پێغەمبەری پیرۆزو لە دوای نوێژ کردن رووبکرێتە (مەزار شریف) بە ئالای سنجاقەوەو بەرلەوەی بچینە ژورەوە بۆ مەزار شەریف دوعا بخوێنرێتو قوربانی دابەشبکرێتو ریزێك سەرباز لە رێگەی مزگەوتەوە هەتا مەزار شەریف بۆ رێزگرتن لە نوێژکەران رابوەستن، هەروەها ئەتاتورك درێژە بە قسەکانی دەداو دەڵێت:" بۆ رێزگرتن لەم رۆژە پیرۆزە، ئیدی دەبێت لەم رۆژەوە لە مەرکەزی ویلایەتدا لەلایەن جەنابی(والی)یەوە دەستبکرێت بە خوێندنی قورئانو کتێبی (بوخاری)ی شەریفو لە دوای نوێژ لە (مەزار شەریف)دا دوابەشی قورئان خەتم دەکرێت...، لە ئێستە بەدواوە ناوی سوڵتان دەهێنرێتو دەبێت دوعای سەربەرزیو سەرکەوتنی خەلیفە بکرێتو لە هەموو ناوچەکانی وولاتی زامدارو برینداردا دەبێ دەستبکرێت بە خوێندنی قورئانو (بوخاری)و روو دەکرێتە دەزگەکانی بالای میللی...، پێویستە ئەم ئامۆژگاریانەی لێیان دواوین بکرێت بە بەیانێکی فەرمیو بنێردرێت بۆ هەموو لایەكو بچوکترین گوندیش ئەو بەیانەی پێبگات...، داوا لە خوا دەکەینو لێی دەپاڕێینەوە سەرمانبخات".[3] ئەم وتاردانە بەناوی ئایینەوە ببوە هۆی راکێشانو کۆکردنەوەی خەڵکێکی زۆر بۆ بزوتنەوەکەی، ئەم سۆزی ئاینیە لای مستەفا کەمال هەروا درێژەی نەکێشاو هەر بەگەیشتنیان بە سەربەخۆیی تەواو لە (١٩٢٣) ئیدی دەستبەرداری بیرو باوەڕی ئاینی بوون. ئەوەتا مستەفا کەمال لەوتەیەکیدا دەڵێت:" لە پێناو خەلافەتو ئیسلامو پیاوانی ئاینیدا نەبوو کە دێهاتیە تورکەکان ماوەی پێنج سەدە دەجەنگان، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە تورکیا تەماشای بەرژەوەندیەکانی خۆی بکاتو خۆی رزگار بکات لە دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتی ئیسلامی".[4] هەروەها (محمود ئەسعەد بوزقورت) کەوەزیری دادی کەمالییەکان بووە دەگێڕێتەوە:" جارێك لەگەڵ مستەفا کەمالدا بڕیارماندا بچین بۆ مزگەوتی (حاجی بایرام) مەلایەك لەبەردەمی مزگەوتەکەدا هاتە بەردەمی مستەفا کەمالو راوەستا، ساتێك مستەفا کەمال لێی پرسی

---

(١)محمود عبدالرحيم عرفات: المصدر السابق، ص١٢" عزيز خانكى بك: ترك واتاتورك، مصر، بدون سنة الطبع، ص٧٧.

(٢)منصور عبدالحكيم :المصدر السابق، ص.91

(٣)م. رەسول هاوار :کورد و باکوری کوردستان، بەرگی دووەم، ل175 -174.

(٤)رضا هلال : السيف و الهلال، تركيا من اتاتورك الى اربكان، دار الشروق، بيروت، ١٩٩٩، ص47.

چیت ئەوێ؟ لەوەڵامدا مەلاکە دەستی بەرز کردەوەو پێی ووت : بەبێ خوێندنی دوعا نابێ بچنە ناو مزگەوتەکەوە، مستەفا کەمال پاڵێکی نا بە مەلاکەوەو پێی ووت : ووڵات بەچەکی سەربازەکانی رزگار کراوە نەك بە دوعاو پاڕانەوەی تۆ ".[1] هەر لەبارەی ئاینەوە ئەتاتورك دەڵێت:" دۆستایەتی رۆژئاوا شتێکی پێویستە... رۆیشتن لەتەك رۆژئاوادا لە شارستانیەتیو ئافراندنو زانستەکانیدا دینی ئێمەیە، ئیسلامیش کە دینی خوایە، هەموو ئەو رووخسارانەی لێ دادەماڵم کە دەبنە هۆی ووروژاندنو دوژمنایەتی رۆژئاوا".[2] لێرەوە مستەفا کەمال دەستی کرد بە ریشە کێش کردنی هەموو نەریتێکی رۆژهەڵاتیو گۆڕینی سەرتاپای دەوڵەتەکەی بە سیستمێکی رۆژئاواییو ئەم سەرسامیەی خۆشی نەشاردۆتەوە کاتێك دەڵێت:" پێویستە درەختی شارستانیەتی رۆژئاوا بێنینە ووڵاتەکەمان، بۆ ئەوەی ئەم درەختە بژی پێویستە ئەو ژینگەیەشی لەگەڵدا بێنین کە تیایدا ژیاوە، بۆ ئەوەی ئەم درەختە لە شوێنە تازەکەیدا بڕوێ پێویستە وورده وورده لەگەڵ ئەو ئاوو هەواو ئەو خاكو خۆڵەدا رایبێنین کە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە لەگەڵ خۆماندا هێناومانن، هەموو ئەمانەش بەمانای پچڕاندنی یەکجارەکی پەیوەندیەکانمان بە رۆژهەڵاتەوە دێن- پەیوەندیەك کەلە سەڵتەنەتو خەلافەتەوە بە میرات بۆمان ماوەتەوە".[3]

لە ساڵی(١٩٢٥)ەوە مستەفا کەمال دەستی کرد بەجێبەجێکردنی بیرۆکەکانی خۆیو پەیڕەو کردنی سیاسەتی نوێگەریو بە رۆژئاوایی کردنی تورکیاو زۆرێك لە تورکەکانو مسوڵمانان بەگشتی سەرسامبوون بە لابردنی خەلافەتو بێدەنگ بوونی تورکەکان لەبەرامبەر ئەو سیاسەتانە کە لەدەسەڵات گرتن بەسەر سەرجەم ناوەندی هێز لە دەسەڵاتی خۆیدا سەرکەوتوو بوو.[4] تەنانەت مەلاو پیاوانی ئایینی کاتێك کە مرد وایان دانابوو کە لە ریزی مسوڵمانێتی چۆتە دەرەوە، بۆیە کەسیان رازی نەبوون لەسەر جەنازەکەی نوێژ بکەنو تەڵقینی بدەن، بەڵام خوشکەکەی بەدەم گریانەوە لە مەلایەك پاڕاوەتەوەو دەستی ماچ کردووە، ئەویش بەزەیی پیادا هاتۆتەوەو خواستو پاڕانەوەکەی بەجێهێناوە، تەنانەت لەکاتی سەرەمەرگو گیانەڵادا بە ئاشکرا وەسیەتی کردبوو کە مرد نابێ بە پێی دابو نەریتی ئیسلام نوێژ لەسەر جەنازەکەی بکرێو کە برایە ناو گۆڕەوە نابێ بە پێی رێبازی ئیسلام تەڵقینی بدەن.[5] بێگومان هۆکاری پاشەکشەی تینو رەوتی ئیسلامیش لە پاش دامەزراندنی کۆمار بە شێوەیەکی بنچینەیی بۆ کەلتوری سیاسیو نوخبەی سیاسیو هەوڵە زۆردارەکیەکانی ئەتاتورك بۆ دورخستنەوەی ئیسلام لە ناوەندی دەوڵەت دەگەڕێتەوە.[6]

---

(١)م. رەسول هاوار :کورد و باکوری کوردستان، بەرگی دووەم ، ل176 -175.

(٢)وەرگیراوە لە فەرۆز ئەحمەد، مستەفا ئیبراهیم، عەباس خۆشناو، ئارام عەلی عەزیز، ئەیوب ئەمیر کەواسمی، جەنگیز چاندار، ئەحمەد نوری نعێمی(دکتۆر)، یاسەمین دۆبرامانچۆ، سەلامی سەزگین، خلیل عەلی مراد(دکتۆر)، ئیدریس بوانو: تورکیا نەبەرد لە پێناوی مانەوەدا، و/ خلیل بەکر مەحمود، کەمال رەشید شەریف، ئەبوبەکر خۆشناو، نەجدەت عەبدولکەریم، فەیسەڵ محەمەد عەزیز، شوان پێنجوینی، ئازاد میرخان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٣٠٣.

(٣) وەرگیراوە لە هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە

(٤) رضا هلال: المصدر السابق، ص٦٩.

(٥)م. رەسول هاوار :کورد و باکوری کوردستان، بەرگی دووەم، ل١٧٧.

(٦)فەرۆز ئەحمەدو ئەوانیتر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠١- ٣٠٢.

سەداميش هەرچەندە سەربە پارتێكی سيكۆلار بووەو بە ئاشكرا ووتەی دژ بە ئايين داوە، بەلآم بەهەمان شێوەی هيتلەر هەميشە ديدی بۆ ئايين ديدێكی دوو لايەنە بووەو بەشێوەيەكی رەها ئايينی رەتنەكردۆتەوەو هەميشە دوو فاقانە لە ئايينی روانيوە، بۆ نموونە سەدام حسين دەست بۆ هۆكاری دواكەوتنی كۆمەڵگەی عەرەبی رادەكێشێ‌و پیٚ‌ی وايە بەهۆی ئايينی ئيسلامەوەيە، كە زياتر لە چەند جارێك لەبەرامبەر خەڵكدا وەستاوەو ووتاری بۆ داون‌و ئاينی ئيسلامی بەوە وەسف كردووە كە يەكێكە لەو هۆكارانەی بۆتە هۆی دواكەوتنی نەتەوەی عەرەب.[1] بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا پێی وابووە لە بنەماڵەی پێغەمبەرانەو لە عێراق خاكی پێغەمبەران لەدايك بووە، بۆيە زۆرێك لە هێما ئاينيەكان‌و روداوەكانی مێژووی ئيسلامی بەكاردەهێنا بۆ جەختكردنەوە لەسەر نەرجسی بوونی. [2] لە چەند ووتەيەكی تری خودی سەدام خۆيدا دەڵێت:" ئيسلام هيچ رۆژێك لە رۆژان هۆكارێك نەبووە لە دواكەوتوويدا، هەروەك چۆن راگەياندنی رۆژئاوايی گومان لێكراو رايدەگەيەنیٚ، بەڵكو دواكەوتوويی لە رێگەی بەرامبەرەوەيە كە شای ئێران‌و دواتر خومەينی بنياديان ناوە".[3] بێگومان بەكارهێنانی ئەم دوو ئاڕاستە دژ بەيەك لە ئايينداو بەكارهينانی كۆمەڵێك رەمزو ووشەی ئايينی تەنها بۆ راكێشانی سۆزی مسوڵمانان بوو هيچی تر. لێرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە كە هەڵوێستی ئەم كەسايەتيانەو تێڕوانينيان بۆ ئايين زۆر لە يەكەوە نزيك بووەو هەوڵياندداوە ئايين بە قازانجی خۆيان بەكاربهێنن.

---

(١)محمود النجيري :صدام حسين في ميزان الاسلامي، الزهراء للاعلام العربي، قاهرة، 1990 ، ص8.

(٢)مجدي كامل: من يصنع الطغاة؟، ص٩٦، ٩٧.

(٣)حزب البعث العربي الاشتراكي: اضواء على موقف البعث من الدين و الظاهرة السياسية الدينية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٦، ص١٢.

## ئەنجام

**لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە چەند ئەنجامێك کە هەوڵدەدەین بە خاڵ بیانخەینە روو:-**

**١- هەرچەندە دیکتاتۆریەت بۆ سەردەمێکی کۆن دەگەڕێتەوە، بەڵام لە رووی پیادەکردنەوە لە دیکتاتۆریەتی سەردەمی نویٚ تەواو جیاوازە، چونکە لە کۆندا دیکتاتۆر لەکاتی سەرهەڵدانی کێشەیەك یاخود هاتنە ئارای قەیرانێکدا بۆ ماوەیەکی کاتی دادەنراو ئەرکی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەیان پێدەسپاردو دوای کۆتایی هاتنی ماوەکە دەگەڕایەوە شوێنی ئاسایی خۆی. ئەمە جگە لەوەی کە دیکتاتۆریەت وەك رژێم مەرج نیە لەلایەن تەنها کەسێکەوە بێت، بەڵکو هەندێك جار دیکتاتۆریەتێکی دەستە جەمعی بووە، هەروەها شێوازی دەسەڵات وەرگرتنیشیان جیاوازە، رەنگە لەرێگەی کودەتاو شۆڕشەوە بێت یاخود بەرێگەی دیموکراسی بێتە سەر حوکمو دواتر پیادەی رژێمی دیکتاتۆری بکات.**

**٢- لەپشت هەر یەکێك لەو دیکتاتۆرانەوە گەنجینەیەکی شاراوەو بارودۆخێکی ئەستەمو پڕ کێشە هەیە، کە رۆڵی خۆی بینیوە لە تێکشکاندنی کەسایەتیو دروستکردنی گرێیەکی دەروونی گەورە لای ئەو کەسانەو لە منالێکی ئاساییەوە کردوونی بەکەسێکی نائاساییو لە دواتریشدا دیکتاتۆرێکی گەورەی لێدروستکردوون کە رەوتی جیهانیان گۆڕیو گەورەترین کارەساتیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دروستکرد.**

**٣- بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئابوریو پلەی خوێندنی ئەو چوار کەسایەتیە رۆڵی گەورەی بینیوە لە دروستکردنی کەسانێك کە لە هەوڵی گەورەکردنی خۆیاندابنو لەو پێناوەشدا هەموو رێکارێکیان گرتۆتە بەر بۆ سەلماندنی تواناو سەپاندنی کەسایەتی خۆیان بەسەر جیهاندا، بێبەشبوونیان لە خۆشیەکانی منالیو نەبوونیو دەربەدەریو بەکارهێنانی توندو تیژی، هەموو ئەمانە بونەتە هۆی دروستبوونی پرمەترسیترین دیکتاتۆرەکانی سەردەم کە سڵیان لە هیچ شتێك نەکردۆتەوە.**

**٤- ئەو دیکتاتۆرانە کەسانێکن کەلەڕووی بیروباوەڕەوە باوەڕیان بەهیچ بنەمایەکی ئایینی نەبووە، بەڵکو دژیشی وەستاونەتەوە، ئەوەندەی پێیان کرابێت هەوڵی داماڵینی ئاینیان داوە لە کۆمەڵگەداو هەندێك جاریش وەك هۆکارێك بەکاریان هێناوە بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتو پاراستنی پێگەیان، بەڵام لەناخەوە هەڵگری هیچ سۆزێکی ئایینی نەبوون. پێدەچێت هەر ئەمەش وایلێکردبێتن کە لەهەموو سۆزو هەستێکی مرۆڤانە داماڵرێن.**

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ کتێب

#### ١- کتێب بەزمانی کوردی


١.	ئەحمەد ناصیف: مۆسۆلینی ئەفسانەیەك كە نەیدەویست بمرێت، و/ دڵسۆز عومەر، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپو پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢.	ئەدۆڵف هیتلەر: خەباتی من، و/ حەمە صالح محمد گەلاڵی، چاپەمەنی دیلان، ٢٠٠٣.

٣.	جەواهیر لال نەهرۆ: چاوپێداخشانێك بە مێژووی جیهاندا، و/ ڕۆوف محمد زهدی، بەشی دووەم، بغداد، ١٩٩٠ .

٤.	خلیل دلیمی: صدام حسین لە گرتوخانەی ئەمریکیدا ئەوەی کە ڕوویدا، بیرەوەریەکانی خلیل دلێمی لەگەڵ سەدام حوسێندا، و/ شەماڵ محەمەد، سلێمانی، ٢٠١٠.

٥.	دەستەیەك: نهێنییەکانی هیتلەر، و/ کارزان عەزیز، چ٥، خانەی چاپو پەخشی ڕێناما، سلێمانی، ٢٠١١.

٦.	زاهیر محەمەدی ، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی، هەولێر، ٢٠٠٨.

٧.	علی محمد الصلابی:دەوڵەتی عوسمانی، و/ احمد عبدالرحمن احمد، نهاد جلال حبیب الله، دار المعرفه، بیروت، ٢٠٠٧.

٨.	فەرۆز ئەحمەد، مستەفا ئیبراهیم، عەباس خۆشناو، ئارام عەلی عەزیز، ئەیوب ئەمیر کەواسمی، جەنگیز چاندار، ئەحمەد نوری نعێمی(دکتۆر)، یاسەمین دۆبرامانچۆ، سەلامی سەزگین، خلیل عەلی مراد(دکتۆر)، ئیدریس بووانو: تورکیا نەبەرد لە پێناوی مانەوەدا، و/ خلیل بەکر مەحمود، کەمال ڕەشید شەریف، ئەبوبەکر خۆشناو، نەجدەت عەبدولکەریم، فەیسەڵ محەمەد عەزیز، شوان پێنجوینی، ئازاد میرخان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٩.	کاوانی ئەنوەر مەسیفی: صدام حسێن پانۆرامای سیاسەتی خوێناوی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١.

١٠.	کۆن کۆگلن: سەدام و ژیانی نهێنی، و/ لوقمان باپیر، هەولێر، ٢٠٠٩.

١١.	لویس ل. سنیدەر(دکتۆر): ئەدۆڵف هیتلەر ڕاسترین ژیاننامەیەکی دەستاو دەستکراوی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، و/ عبدالله گەرمیانی، چاپەمەنی سایە، سلێمانی، ٢٠١٠.

١٢.	مارشاڵ زۆکۆف : بیرەوەریەکانی مارشاڵ زۆکۆف، و /شێخ عەلی شێخ محەمەد بەننا، سلێمانی، 2009 .

١٣.	م. ڕەسول هاوار: کوردو باکوری کوردستان لە دوای شەری یەکەمی جیهانیەوە هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعید لە پیران، ب٢، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٤.	نۆیل باربەر : فەرمانرەوایانی فۆچی زێرین، و /ڕێبوار کەریم وەلی، چ1، هەولێر،2001 .

١٥.	مەریوان وریا قانیع: سیاسەتو دونیا، ماناو بێمانایی سیاسەت لە کوردستاندا، سلێمانی، ٢٠١٢.

١٦.	هانا ئارێنت: بنەماکانی تۆتالیتاریزم، و/ حەمە ڕەشید، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٧.	یاسین صابر سالح : ئینسایکلۆپیدیای گشتی، سلێمانی،2005 .

١٨.	LAURIE MYLROIE،JUDIT MILLER : لە تکریتەوە بۆ کوێت، و/ مەریوان غەریب، کامەران مەنتك، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.

**٢- کتێب بەزمانی عەرەبی:-**


١. احمد الشايب: دكتاتور على گريقه الشاكو ماكو، بدون مكان الگبع، ١٩٩٠.

٢. الحسيني الحسيني معدى: بنيتو موسوليني، نهاية طاغية وسقوط الفاشية، القاهرة، ٢٠٠٩.

٣. انيس الدغيدى: الحياة السرية لصدام حسين من القصور الى الجحور، دمشق- القاهرة، ٢٠٠٤.

٤. انيس الدغيدى: الحكام العرب كيف وصلوا للسلطة، القاهرة، ٢٠٠٥.

٥. بنيتو موسوليني: خواطر زعيم، ت/ صبحي وحيدة، دار المجلتي، القاهرة، بدون سنة الطبع.

٦. حنا مينا مطر: اتاتورك بطل الشرق مصطفى كمال باشا انتصارات الاتراك في الاناضول وغيرها، مصر، بدون سنة الطبع.

٧. رضا هلال : السيف و الهلال، تركيا من اتاتورك الى اربكان، دار الشروق، بيروت، ١٩٩٩.

٨. ضابط تركى سابق: الرجل الصنم مصطفى كمال اتاتورك حياة رجل والدولة، ت/ عبدالله عبدالرحمن، عمان، ٢٠١٣.

٩. عبدالهادي محمد مسعود: هتلر و موسوليني بين السياسة و الدين، مطبعة احمد، بدون سنة الطبع.

١٠. عبدالوهاب الكيالي(الدكتور) : موسوعة السياسة، الجزء الثاني، ط٣، بيروت- لبنان، ١٩٩٧.

١١. عبدالوهاب الكيالي(الدكتور) :موسوعة السياسة، الجزء الثالث، ط2، بيروت- لبنان، 1993 .

١٢. عبدالوهاب الكيالي(الدكتور) :موسوعة السياسة، الجزء الخامس، ط٣، بيروت، ١٩٩٦.

١٣. عزيز خانكى بك: ترك و اتاتورك، المطبعة المصرية، مصر، بدون سنة الطبع.

١٤. فريد الفالوجي : ادولف هتلر، كفاحي، قراءة جديدة في مذكرات هتلر و نهايته، دار الكتاب العربي، دمشق -قاهرة، 2005 .

١٥. مجدي كامل: اشرار التاريخ، دمشق-قاهرة، ٢٠٠٨.

١٦. مجدي كامل: من يصنع الطغاة؟ محاولة لوضع الجرس في رقبة القط، دمشق- القاهرة، ٢٠٠٨.

١٧. مجموعة من المؤلفين: موسوعة مشاهير العالم، جزء الثالث، دار الصداقة العربية، بيروت، ٢٠٠٢.

١٨. محمد محمد توفيق: كمال اتاتورك، دار الهلال، مصر، ١٩٣٦.

١٩. محمود النجيري : صدام حسين في ميزان الاسلامي، الزهراء للاعلام العربي، قاهرة، ١٩٩٠.

٢٠. محمود عبدالرحيم عرفات: امام الاتراك، بدون سنة ومكان الطبع.

٢١. محمود عبده: صدام حسين رحلة ام نهاية الخلود من الاعتقال الى الاعدام، دمشق_ القاهرة، ٢٠٠٧.

٢٢. مصطفى الزين: ذئب الاناضول، لندن، ١٩٩١.

٢٣. منصور عبدالحكيم: مصطفى كمال اتاتورك، ذئب الطورانية الآغبر، دار الكتاب العربي، دمشق، ٢٠١٠.

٢٤. هشام خضر: مذكرات موسوليني، دار الطيبة للطباعة، بدون مكان الطبع، ٢٠٠٨.

٢٥. ياسين رضوى(الدكتور): الخائن قصة ام الهزائم، بدون سنة و مكان الطبع.

**دووەم/ بڵاوکراوە حزبیەکان بەزمانی عەرەبی:-**

حزب البعث العربي الاشتراكي: اضواء على موقف البعث من الدين و الظاهرة السياسية الدينية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٦.

**سێهەم/ گۆڤار**

١- **گۆڤار بەزمانی کوردی:-**

رازاو محەمەد: ئەو تورکانەی بەرەچەڵەك تورك نین، گۆڤاری دۆسیەی تورکیا، ژ(4)، سلێمانی، تشرینی دووەمی 2006.

**چوارەم/ سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:-**

١. ابراهيم الزبيدي: صدام حسين كما يتذكره أحد أصدقاء الطفولة وزملاء الدراسة، http://classic.aawsat.com/details.asp?article=156058&issueno=8863

٢. عبدالحميد الأنصار(الدكتور): من يصنع الديكتاتور، الجريدة الكويتية، alitthad.com/paper.php?name=News&file=article&sid=74150

٣. سامي هابيل: بحوث في الديكتاتورية
http://www.arab-ency.com/index.php?module=pnEncyclopedia&func=display_term&id=9307&m=1
رقم صفحه البحث ضمن المجلد:٣٠٥

٤. فاضل الخطيب: الديكتاتور و الديكتاتورية قديما و حديثا، http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=95090

٥. هايدة العامري: جوانب خفية عن صدام حسين تنشر للمرة الاولى – http://www.kitabat.com/ar/page/07/03/2013/9540/%D8%AC%D9%88%D

٦. یاسین سەردەشتی(دکتۆر): شۆڕش و دیکتاتۆری، http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=42dd156

٧. http://www.alsakher.com/archive/index.php/t-56729.html

## ملخص البحث

الديكتاتورية كمفهوما واصطلاحا يرجع الى عصر دولة المدن اليونانية، يوضع لغرض حل ازمة لفترة زمنية، لكن فى العصر الحديث يستخدم للحكام، الذين يستولون على السلطة بصورة غير شرعية، ولايعطون حق المشاركة للناس فى هذه السلطة. الديكتاتوريون عاشوا عيشا غير طبيعي، ومروا ببعض العقبات الكبيرة. وراء كل الديكتاتور هناك خزينة خفية يتضمن مجموعة من عقدة نفسية متعلق بصعوبة الحياة وعنف مرحلة الطفولة وكراهية الحياة وصعوبة وضع المعيشية وحرمان من العطف والحنان والحب، هذه الاشياء غيروا الاشخاص الى انسان غير طبيعى ومليئ بالمشاكل و مفترس، التى فى مراحل عمرهم يشغلون العالم باسره بانفسهم وادوا الى التغير مسار التاريخ. وايضا خلقوا كوارث انسانية كبيرة فى العالم. هذه الدراسة محاولة لكشف السر والوضع التى عاشوا الاشخاص التاريخية ومروا بها ويتالفوا من:

مقدمة عن الديكتاتورية من جانب الاصطلاح والمفهوم، ثم اجندة حياة الديكتاتوريون فى نواحى الاجتماعية والاقتصادية و درجة الدراسة ومواقفهم تجاه الدين.

## Abstract

The concept of dictatorship dates back to the era of Greek city states which were established to resolve a conflict and crisis within a specific epoch. The term dictator nowadays is used to refer to those individuals who illegally seize power in a country or a region and do not give people or the nation any chance to partake in the authority. Dictators have not had a normal life but have undergone a number of serious struggles and problems. Life and personality of any dictator encompasses a series of veiled secrets. Illness and violence during childhood, the hard economical life and being deprived of care and love have turned these individuals into abnormal and knotty persons that , consequently after they have grown up and seized power, have challenged society and sometimes the entire world by creating crises and calamities. This research is an attempt to exhibit the secrecy and the hard life of these historic tyrants. It consists of: An introduction about the concept and the term of dictatorship and then the dictators' educational, economical and social record as well as their stance towards religion.